# بەراوردێك لەنێوان دەئاكی زەكی هەناری و ئەژدەهاك لە شانامەی فیردەوسیدا

(PP 366 - 398)

پ.ی.د.کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر
زانکۆی کۆیە - فاکەڵتی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی
kaify.ahmad@koyauniversity.org
م.07501188554

**بڵاوکردنەوە : 2020/10/29**

**DOI: https://doi.org/10.31972/jickpll19.22**

پوختە

کاریگەربوون و کارلێکردن و کەوتنەژێر کاریگەری کەس و لایەن و بیر و ئایدۆلۆژیا و نەتەوەی دیکە، پرۆسەیەکە هەر لەگەڵ هۆشیاریی مرۆڤدا هاتووە و پەیدابووە، قۆناغی جوداجودای بڕیوە و لەژێر ناو و ناونیشانی جیاواز لەلایەن زانا و بیرمەندان و ڕەوت و ڕێبازەکانی ئەدەب و هونەر و زانست و...هتد باسکراوە، بەراوردی ئەدەبیش دەچێتە نێو ئەو چوارچێوەیەوە و، ڕەگ و ریشەی کۆنی هەیە، بەڵام وەکو ڕێبازێکی خاوەن بنەمای زانستیی و دیاریکراو بۆ چەند سەدەیەك بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، کە کاری ئەوەیە ئەو جۆرە کارلێکردنانە ساغبکاتەوە و بەشێوەیەکی زانستی کاریان لەسەر بکات، قوتابخانەی فەرەنس لەو بارەوە کۆنترینیانە و دەسپێشخەر بووە، پاشان قوتابخانەکانی دیکەی وەکوئەمریکی و سوشیالیستی پەیدابوون...لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا ئەو جۆرە کاریگەرییە بە خەڵك و نەتەوەی دیکە هەبووە. نەتەوەی کوردیش وەکو نەتەوەیەکی خاوەن پێشینە و کۆن لەو پرۆسەیە بەدەرنییە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری لایەنی دەرکییەوە و، بەهۆیەوە چاندین کاری ئەدەبی لەو میانەدا بەرهەمهێناوە، لەو ڕوانگەیەوە ئێمە کاریگەربوونی نووسەرێکی کورد لە بەرهەمهێنانی دەقێکی شانۆیی خۆیدا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، کە بە هەنگاوە سەرەتاییەکانی نووسینی دەقی شانۆیی دادەنرێت دەخەینەڕوو، کە لەبیرۆکە و ڕووداو و پەیام و کەسێتییەکان و شێواز و ڕوخسار و چەندین توخمی دیکەی دەقە شانۆییەکەیدا بەهۆی ئەو پرۆسەیەوە بەرهەمهێناوە، ئەویش نووسەر (زەکی ئەحمەد هەناری)یە، لە دەقی شانۆیی (دوارۆژی دەئاکی زۆردار)دا، کە بەکاریگەربوون و کاریگەریی نووسەری ناوداری فارسی (فیردەوسی) (حەکیم ئەبولقاسم فیردەوسی) ئەو دەقەی نووسیوە، بۆیە بەپێی بنەماکانی قوتابخانەی فەرەنسی لەژێر ناونیشانی (بەراوردی دەئاکی زەکی هەناری بە ئەژدەهاکی شانامە)، هەردوو بەرهەمەکە بەراورد دەکەین و هەموو ئەو توخمانە ساغ دەکەینەوە، کە دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە بە کاریگەری ئەو نووسەرەو و دەقەکەیەوە بەرهەهاتووە.

وشە گرنگەکان ( بەراوردکاری، ئەدەبی نەتەوەیی، گاریگەریی، کارلێکەر، کارتێکراو،)

## پێشەکی

ئەدەبی بەراوردکاری زانستێکی نوێی بواری ئەدەبە، کە لە ئەوروپا لەسەر دەستی چەند ئەدیب و زانایەك سەریهەڵداوە، ئەویش قۆناغ بە قۆناغ لەسەرەتایەکی سادەو ساکار تا وردەوردە گەیوەتە ئاستێکی باشی پێگەیشتوو، سەرهەڵدانی ئەو ئەدەبە لە ئەوروپا  بۆ سەدەی ( 18 – 19) دەگەڕێتەوە، ئەوەی بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو جۆرە ئەدەبە  لە سەرهەڵدان و پەیدابوونیدا دوابکەوێت ئەوە بووە، کە بۆ ماوەی (12) سەدە زمانی لاتینی زمانی گشت گەلانی ئەوروپا بووە و، بەیەك زمان دەیاننووسی و دەیانخوێندەوە، بەڵام دوای هاتنە ئارای زمانی نەتەوەیی ئەو ئەدەبەش سەریهەڵدا.

ئەدەب و هونەر و بوارەکانی دیکەی کوردیش لەژێر سایەی کۆمەڵێك هۆکارەوە کاریگەربووە بە ئەدەبی نەتەوەکانی جیهان و دراوسییەکانی، لەوانەش نەتەوەی فارس کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر نەتەوەی کورد، بەهۆی ڕەگ و ریشەی نەژادیی و دراوسێتیی و ئایین، کە لە زەردەشتییەوە بۆ ئیسلام ئەو هاوبەشییەیان هەبووە، تێکەڵاوی و جەنگ و داگیرکاریی و هۆکاری دیکەوە ئەو کاریگەرییە ڕوویداوە،

لێرەدا دووبەرهەممان هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی ساغی بکەینەوە، کە ئەو کاریگەرییە لەنێوانیاندا ڕوویداوە، بەرهەمێك کە بە شاکارێکی جیهانیی و نەتەوەی فارس دادەنرێت و، کوردیش زۆر لەو مێژووەی لەنێو ئەو شاکارەدا هاتووە بە هی خۆی یان بەشادار و، خاوەن پشك دەزانێت، کە ئەویش

(شانامە)ی (فیردەوسی)یە، بەرهەمە کارتێکراوەکەی کوردیش بریتییە لە شانۆنامەی (دوارۆژی دەئاکی زۆردار)ی مامۆستای نووسەر (زەکی ئەحمەد هەناری). ئامانجمان لێرەدا ئەوەیە، دەمانەوێت ئەو کاریگەرییە بەدیار بخەین، کە لەکوێ، لە چ توخم و ڕێگایەکەوە ئەو کاریگەرییە روویداوە.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە (وەسفی شیکاری).**

نێوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە: لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، کە بەشێکی تیۆرییە، لە چوار تەوەر پێکهاتووە. بەشی دووەمیش کە پراکتیکییە لە پێنج تەوەر پێکهاتوە، لە کۆتاییدا ئەنجامەکان و سەرچاوەکانی بەکارهاتوو خراونەتەڕوو.

**1 – 1 ئەدەبی** بەراوردکاری

ئەدەبی بەراوردکاریی بریتییە لە هونەرێکی پرۆگرمداری زانستیی، بۆ گەڕان بە شوێن پەیوەندییە لێکچووەکان و نزیکایەتیی و کارلێکردن و کاریگەری لەنێوان دوو ئەدەب یان دوو نووسەر یان زیاتر و، تا دەگاتە سەر ئاستی نێوان نەتەوە و وڵاتان، کەواتە ئەدەبی بەراوردکاری بریتییە لە هونەرێك، کە لە پەیوەندییە لە یەکچوو و لێکنزیکەکان و کاریگەریی دەگەڕێت، هەروەها بەدوای نزیکی ئەدەب لە بوارەکانی دیکەی گوزارشت و زانیاری دیکە دەگەڕێت. یاخود نزیکی رووداو و دەقە ئەدەبییەکان لەیەکدی، کە لە کات و شوێن لەیەکدی دوورن یان نزیکن. بەمەرجێك سەربە زمان و رۆشنبیری جیاواز بن و، بەشێك لە یەك کلتوور پێکبێنێت، لەپێناو وەسفکردن و خستنەڕووی بەشێوەیەکی باشتر و تێگەیشتن و چێژ لێوەرگرتنی بەجۆرێکی دیکە. (دانییل، 1997، 18) . هەروەها هەوڵدەدات و تێدەکۆشێت لەپێناوی نزکردنەوەی نێوانی ئەدەب و بوارەکانی دیکەی گوزارشتکردن و زانست و زانیاری، هەروەها نزیکردنەوەی نێوانی دیاردەکان و دەقە ئەدەبییەکان لەگەڵ یەکدیدا، جا ئەگەر هاتوو ئەو بوار و دەقانە لەرووی کات و شوێنەوە لەیەکدی دووربوون یاخود نزیکبوون، بە مەرجێك ئەو بوار و دەقانە سەربە زمان و رۆشنبیریی و نەتەوەی جیاواز بن، زانا و رەخنەگران لە بارەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە بیروڕا و تێگەیشتن و پێناسەی جیاوازیان هەیە، چونکە ئەدەبی بەراوردکاری، وەسفێکی شیکاریانەیە، بەراوردکردنێکی بەرنامەداری جیاوازە، شیکردنەوەیەکی ئاڵۆزی دیاردەیەکی زمانەوانیی و رۆشنبیرییە، لەمیانەی مێژوو و رەخنە و لۆژیکدا ، ئەمەش لەپێناو باشتر تێگەیشتنە لە بواری ئەدەبی، بەهۆی ئەوەی ئەرکێکە ژیریی مرۆڤ جیادەکاتەوە. (علوش، 1987، 12). هەروەها واتا و ناوەرۆکی ئەدەبی بەراوردکاری، مێژووییە، لەبەرئەوەی توێژینەوە و بەدواداچوون بۆ هاووڵاتیان لەمیانەی بەیەکگەیشتنیان لەگەڵ ئەدەب بە زمانە جیاوازەکان دەکات، هەروەها پەیوەندییە ئاڵۆزە زۆر و زەوەندەکانی لە ئێستا یان لە رابردوودا، هەروەها ئەو پەیوەندییە مێژووییانە لەبارەی کاریگەریی و کاریگەربوون چۆن بوونە دەخاتەڕوو، هەروەها سروشت و سیمای ئەو کاریگەریی و کاریگەربوون چی و چۆنن باسدەکات، جا ئەگەر هاتوو پەیوەندیان بە شێوازە هونەرییە گشتییەکانی توخمەکان و قوتابخانە ئەدەبییە و ئاراستە بیرییەکانەوە هەبێت یان پەیوەندی بە سروشتی بابەتەکان و هەڵوێست و کەسەکانی چارەسەر یان لەبارەی ئەدەبەوە قسەدەکەن، یاخود خۆی لە بواری کێشەکانی دارشتنەوەی هونەریی بیرۆکەی پاژەیی لە کاری ئەدەبیدا دەبینێتەوە، یان تایبەتە بە وێنەی وڵاتە جیاوازەکان، هەروەکو لەنێو ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەدا رەنگیداوەتەوە. بەجۆرێك وەکو لایەنی هونەریی کە نەتەوە و ولاتەکان بەیەکدی دەبەستنەوە .(هلال، 1981، 9) ئەمەش دوای ئەوە هات، کە لەو ماوانەدا زیاتر و قووڵتر تێگەیشتن، کە بیر و بۆچوونەکان دوورایی‌ەکی مێژوویی‌یان هەیە، هەروەکو ئەو بەش و سەردەمە مێژوویيانەی جووڵە و سستیان تێدابووە و، لەو مێژووەدا زۆر گرنگیان پێنەدراوە، هەروەها پەیوەندیيان بە لایەنی بابەتیانەی ئەو بەشە و سەردەمەوە هەیە بۆ بابەتیانەی ئەدەب و تێگەیشتن و گرنگییەکەی، هەر بۆیە واباشە ئەو لایەنە بە هاوشانی لۆژیك و ئایین و زانستەکان توێژینەوەی تێدا بکرێت، چونکە کاتێ ئەو بوارانە لەیەکتری جیادەکرێنە و لەیەکدی دادەبڕێن، ئەوا تووشی بازدان بەسەر شێوازێکی پەیوەندی دەبینەوە، کە رۆلێکی گەورەی لە کاریگەری ئاڵوگۆڕکراوادا هەبووە. بەردەوامی رەوتی بیرو بۆچوون و گوزارشتکردن، زۆر داب و نەریت و رەوشتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کە بەشێوەیەکی سەرەتایی ئەدەبیی و ئایینی و لۆژیکی بوونە. ( ستالكنخت وفرنز، 2011، 150) .

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە کارکردن لەو بوارەدا ئاسان نییە، ئەو خەڵکەی کە کاریشی تێدا دەکات کەسانێکی بێئاگا نین، چونکە توێژینەوە لە ئەدەبی بەراوردکاری ئاگایی زۆری پێویستە، دەبێت کەسەکە هەر دوو هەستی بینین و بیستن بەکاربهێنێت، هەستی بین و چاوەکان هەموو ئەو شتانەی لەسەر

هەردوو ئەدەبەکە و یان زیاتر هەروەها لەسەر هەردوو نووسەرە سەربەخۆکە یان زیاتر کۆکراونەتەوە لەیەکدیان جیادەکاتەوە، هەروەها بابەتەکان لەمیانەی گەشەسەندنەکەیاندا، خوێنەریش دەتوانێت لەبوارێکی بەرفراوانتردا بڕیاربدات و وتە و شتی نوێتر بدۆزێتەوە. هەروەها پێویستە گوێیەکان و هەستی بیستن ئامادەبێت بۆ ئەوەی بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێت، هەوەها لەو بارەوە بەشێوەیەکی باش و درێژخایەن و گەرموگوڕ پێویستی بەراهێنان لەو پرۆسەیەدا هەیە، چونکە ئەگەر وانەبێت لەوانیە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو نەبێت، هەتاوەکو لە ئەدەبەکەی خۆشیدا، ئەویش لە وەڵامدانەوەیدا بەشێوەیەکی باش و پێویست.

**گوێیەکان دەنگ و سەدای هەموو ئەو شتانەی نووسەرەکە تۆماردەکەن، کە لەنێو نووسەرێکی دیکەدا هەیە، لەهەمان کاتدا فێردەبێت، کە چۆن خاڵە لەیەکنەچووەکانی کارێکی ئەدەبی کە لەکارێکی ئەدەبی پشوودا هەن لە یەکدی جیابکاتەوە. هەروەها دەربڕین و تۆنی نەتەوەیی جیابکاتەوە، هەروەها ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ئامادەیی کلتووری ناوچەیی لەنێو ئەو ئەدەب و نووسینەدا. (غیفورد، 2013، 31) لەبەرئەوەی بیستن و هەستی بیستن لەرووی خاوەنداریەتی و رەسەنایەتیش هاوکاری لێکۆڵەر دەکات، چونکە لەوانیە بەو هەوڵانە ڕێگەی چوونە نێو زمانی نەتەوەیی بدۆزینەوە بچیتە نێو زمانەکەیەوە، جا بەهۆی بیستنەوە دەتوانین ئاشنای کلتووری نەتەوەیی ببین، ئەویش لەمیانەی ترپە و ئاوازێکی دیاریکراوەوە، ئاوازێك کە هەمیشە خەڵکی بێگانە و نامۆ بەو ئەدەبە هەستی پێناکات و جیای ناکاتەوە، ئەو ئاوازەی لەمیانەی تێپەڕبوونی بەنێو چەندین سەردەم و کات و شوێندا و لەمیانەی گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا پارێزگاری لەخۆی کردووە و ماوەتەوە، بەمشێوەیە ناسنامەیەکی گیانیی تێداپارێزراوە و بەردەوامی پێدراوە. (غیفورد، 2013، 39). کەواتە ئەدەبی بەراوردکاری ئەرکی زۆر گەورە و گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ نموونە " ئەرکی بنەڕەتی ئەدەبی بەراوردکاری لێکۆڵینەوەیە لە سێ دیاردە: پەیوەندی راستەوخۆ لەنێوان ئەدەبەکاندا، واتە وەرگێڕان، کاریگەری، لێ وەرگرتن، لێکچوونی تیپۆلۆگی ( پۆلێنکردن)، کە پەیوەندی خزمایەتی (بەئەدەبەکەوە)نییە، بەڵام لەکاتی توێژینەوەدا ئەو ئەفسانە، وێنە، ژانرانە دەردەکەون کە لەنێوان ئەدەبەکاندا هەن، لە کۆتایشدا دیاریکردنی سیما تایبەتییەکانی ئەدەبی نەتەوەیی، کە وەك پەیوەندییەکی سەربەخۆ لێی تێ دەگەین."(محەمەد، 2011، 14) هەروەها گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری لە سنووری توێژینەوە لە ئاراستە بیرییەکان و جۆرەکانی ئەدەب و کێشەکانی مرۆڤایەتی لە هونەردا ناوەستێت، بەڵکو ئەو دێت هەڵدەستێت بە ئاشکراکردنی لایەنەکانی کاریگەربوونی نووسەران لە بواری ئەدەبی نەتەوەیی بە ئەدەبی جیهانی. هەروەها هەموو ئەو هەوڵ تەقەلا و کۆششانەی لە لایەنەکانی ئەو کاریگەرییەدا دراون، هەروەها قووڵی واتای لەلای گەورە نووسەران لە هەر وڵاتێکدا ئاشکرا دەکات .(هلال، 1981، 10و 11). بۆیە پێویستە توێژینەوە لەبارەی ئەو کاریگەرییانەی لەسەر ئەدەب و نووسراوەکە، لەپێناوی تێگەیشتن لە هەردوو لایەنەکە بێت و،لە توێژینەوەکەدا دەبێت خەسڵەتە وەرگیراوەکان یان گۆڕدراوەکان یان رەتکراوەکان لەبەرچاو بگیرێن و لێکبدرێنەوە، گرنگییەکە پێویستە لەسەر کاروکردەوەکانی نووسەرە کاریگەربووەکە و ئەو شتانەی وەریگرتووە چڕبکرێتەوە، ئەنجامەکانی ئەو کارە ئەدەبییە تەواوبووە چین، بەشێوەیەکی زانستیی و بەڵگەدار بخرێنەڕوو. (ستالکنخت وفرنز، 2011، 89)**

1 – 2 قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری

قوتابخانەی فەرەنسی بەیەکەم ئاراستەی ئەدەبی بەراوردکاری دادەنرێت، کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بەدیارکەوتووە. هەژموون و پێگەی بەشێوەیەکی سەرەکی لەنێو مەیدانەکە بەشێوەیەکی زاڵ بەسەر بوارەکەدا تا نێوەراستی سەدەی بیستەم مایەوە، جا لەبەئەوەی ئەو قوتابخانەیە لەسەر بنەمای پرۆگرامی مێژوویی دروستبوو بوو، بۆیە پێیوتراوە قوتابخانەی مێژوویی، بەم شێوەیە ئەو قوتابخانەیە چەند بنەما و مەرجێکی توند و یەکلاکەرەوەی بۆ پرۆسەی بەراوردکاری داناوە، بۆ ئەوەی هەر لێکۆڵینەوەیەك لەژێر سایەی ئەو قوتابخانەیەدا دەکرێت، پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا بێنەدی. خاڵی سەرەکی ئەوەیە، کە لەنێوان دوونەتەووەی جیاوازدا بێت. واتە (دوو زمانی جیاواز)دا بێت، چونکە " روانینی زاڵ لە قوتابخانەی فەرەنسیدا ئەوەیە، کە ئەدەبی بەراوردکاری لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکارانەی ئەدەبە جیاوازەکاندا (ئەو ئەدەبانەی کە زمانەکەیان جیاوازە) بەرتەسک دەبێتەوە. بە باوەڕی ئەوان، تەنیا زمانە کە کەسایەتی ئەدەبێك - کە لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەدا بەراورد دەکرێ – دیاری دەکات." (کەفائی، 2011، 18).

دەبێت لەنێوان هەردوو ئەدەبە بەراوردکراوەکەدا پەیوەندی مێژوویی لەنێوانیاندا هەبێت، چونکە پەیوەندی مێژوویی لە قوتابخانەی فەرەنسیدا " لە زانستی ئەدەبی بەراوردکاریدا کە بە هیچ شێوەیەك ناکرێ و نابێ دەستی لێ هەڵبگیرێ، خاوەنانی ئەم قوتابخانەیە بایەخێکی زۆر بەم بوارە دەدەن و روونیدەکەنەوە، ئەو بابەتەی کە بەراوردی دەکەن، پێوەندی مێژوویی لەنێواندا هەیە. کە جۆرێ لە کارتێکردن و کارلێکردنی لێوە پەیدابووە." (مەعروف، 2008، 19)، بە بۆچوونی ئەوان بەهیچ شێوەیەك ئەو لێکچوونانە روونادەن بەبێ ئەو پەیوەندییە مێژووییە، بەلاشیانەوە گرنگ نییە، کە ئەو پەیوەندییە چۆن و بە چ شێوەیەك روویداوە، لەبەرئەوەی " پەیوەندی نێوان ئەدەب بەتایبەتی و بەهۆی کاریگەرییەوە، قووڵ و ئۆرگانی دەبێت. مەبەست لە کارتێکردن و کەوتنەبەر کاریگەرییە لەنێوان ئەدەبی گەلاندا. پرۆسەی لەم جۆرە رێگەمان دەدات کە بەناو قووڵایی ئەزموونە ئەدەبییەکاندا رۆچین. "(محەمەد، 2011، 117) هەروەها پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوە راستەوخۆکان لەنێوان کارە ئەدەبییەکان لەچوارچێوەی پێشوازیکردنی نووسەر یان نووسەرەکان و میللیبونیان لە وڵاتێك جگە لە وڵاتی خۆیان دروستدەبێت، پێشوازیکردنی نووسەرانی بێگانە لە ئەدەب و سەردەمێکی دیاریکراو بەشێکی بنەڕەتیی و راستەوخۆ لە چێژی هونەریی تۆماردەکات، دوای ئەوە لایەنگرانی نێوچەیی نووسەرەکە و وشیاریی هونەریی و رەخنەیی تایبەت بە نووسەرە نێوچەییەکە پێکدێنێت. ( ستالکنخت وفرنز، 2011، 79)

پێویستە ئەدەبی کارتێکەر ئەدەبێکی موجەب بێت و ئەدەبی کاڵێکراو ئەدەبێکی سالب بێت، ئەو قوتابخانەیە ئەدەب و کلتوور و رۆشنبیریی جیهانی بەسەر دوو بەش یان بەرەدا دابەشکردووە، کە سالیب و موجەبە، کە کارتێکەر و کارلێکراو دەبەستێتەوە بە دۆخی داگیرکارییەوە، کە ئەدەبی نەتەوە و وڵاتە داگیرکەرەکانی بە موجەب داناوە و، ئەدەب و رۆشنبیری نەتەوە و وڵاتە داگیرکراو و ژێردەستەکانیشی بە سالب ناوبردووە. کە هەمیشە بەشی یەکەمیان بەهێزترن و کارتێکەرن، بەشی دووەمیشی بە بێهێزتر و کاڵێکراو داناوە. (عبود، 1999، 31، 32)، ئەو بیرە ناتوانرێت بەشێوەیەکی رەها پشتی پێببەسترێت و ئەدەبێك تا کۆتایی هەر بە کارتێکەر و بەهێز بمێنێتەوە و ئەدەبێکی دیکەش هەر بە بێهێز و کارتێکراو بمێنێتەوە، چونکە" لە مێژووی پەیوەندی ئەدەبی جیهانیداو جاری وا هەبووە، کە گەلێك چەندەها سەدە لەبەر کاریگەری ئەدەبی گەلاندا بووە و سوودی لە بەرهەمی کولتووریی گەلانی تر وەرگرتووە و خۆی تا رادەیەك ماوەیەکی زۆر دەستەوەستان بووە، کەچی لە سەردەمێکی تردا، لە کولتووری دنیادا بۆتە هێزێکی درەوشاوەی داهێنان." (محەمەد، 2011، 151). واتە ئەو جارەیان ئەو بووە بە کارتێکر و سەرچاوەی سوود و بەخشین بە ئەدەبی نەتەوە و وڵاتانی دیکەی جیهان.

بەڵام قوتابخانەی ئەمریکی، کە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەستیانپێکردووە و، ئاوڕیان لە بواری ئەدەبی بەراوردکاری داوەتەوە، کە ئەو هەوڵانە لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم کەوتونەتە بواری جێبەجێکردن و بەشێوەی قوتابخانەیەکی نوێ بەناوی قوتابخانەی ئەمریکی بەدیارکەوت. ئەویش بۆ محازەرەکانی (رێنیە وێلك) بە ناوی (کێشەکانی ئەدەبی بەراوردکاری) کە لە کۆنفراسی دووەمی (ئەدەبی بەراوردکاری) کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە لە زانکۆی (تشابل هێل)ی ئەمریکی سازیکردبوو پێشکەشیکردوون دەگەڕێتەوە. کە لەوێدا رەخنەی زۆر توند و هێرشی بێوێنەی کردە سەر قوتابخانەی فەرەنسی و ئەو بنەماو مەرجانەی بوونەتە بنەمای کارکردنی بواری بەراوردکاری لەو قوتابخانەیەدا. (الخطیب، 1999، 108) پاش ئەوە هەر لەو روانگەیەوە چەند هەنگاوێکی دیکە بەهەمان ئاراستە نران و بوونە بەردی بناغەی دامەزراندنی قوتابخانەی ئەمریکی بە بنەما و مەرج و بەرنامەیەکی نوێ و جیاوازەوە. کە لە بنەما سەرەکییەکانی چاوپۆشینبوو لە زمانی جیاواز، بەهەند وەرنەگرتنی کارتێکردن و کاریگەربوون، گەڕان بەدای خاڵە لێکچوو و جیاوازەکان، جا بەهەر جۆرێك بێت، واتە پشتکردنە پەیوەندی مێژوویی، هەروەها بوارەکەی فراوانکرد، بۆ ئەوەی بەتەنها بواری ئەدەب نەگرێتەوە، بەڵکو بوارەکانی هونەر و فەلسەفە و مێژوو و زاستە مرۆڤایەتییەکانی دیکەش بگرێتەوە. (غیلان ،2006، 23- 28). لەهەمانکاتدا ئەو دابەشکارییەی قوتابخانەی فەرەنسی رایگەیاندبوو، کە ئەدەبی بۆ موجەب و سالب دابەشکردبوو رەتکردەوە، رەتکردنەوەی رەگەزە زاڵەکانی بیری نەتەوە پەرستی لە بەراوردکردنی ئەدەبیدا، کە لە قوتابخانەی فەرەنسی بەشێوەیەکی زەق دەبینرا، رەتکردنەوەی ئەو زیادەڕۆییە زۆرەی لە ساغکردنەوەی کارتێکردن و کارتێکراودا پەیرەو دەکرا .(ویلك، 1989، 297- 308)، کەواتە لەو قوتابخانەیەدا " ئەمریکییەکان لەمیانەی کارکردنیان لەسەر چەمکی رەخنەی نوێ، راستەوخۆ خۆیان لە رەگوڕیشەی مێژووییانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسی دابڕی، لێرەوە رەخنەگرتن لە چەمکی کاریگەریی و کارتێکردن کە بنەمای سەرەکی قوتابخانەی فەرەنسی بوو، بووە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی ئەمریکی"(مەولود،2013، 53)

هەرچەندە ئەو خاڵانەی کە ئەمریکییەکان وەکو خەوش و نەنگی لە قوتابخانەی فەرەنسییان گرتبوو، ڕێژەیەك لە راستی واقیعی تێدابوو، بەڵام هەندێ هۆکاری دیکەی شاراوە و رانەگەیەنراویش خۆی لە ژێر بڕیارەکانیاندا شاردبۆوە وەکو ئەوەی ئەمریکییەکان، زمانێکی تایبەتیان نییە و لە چەند زمانێك پێکهاتووە، هەروەها وەکو نەتەوەش لە چەندین نەتەوەی جودا جودا پێکهاتوون، بەوەش لەگەڵ سروشتی ئەو وڵاتەدا یەکناگرێتەوە، هەروەها ئەو وڵاتە مێژوویێکی کۆنی وەکو فەرەنسای نییە، بۆ ئەوەی ئەو کاریگەرییەی لەسەر وڵات و نەتەوەی دیکە هەبێت و ئەمریکا لەچاو فەرەنسا وڵاتێکی تازە دۆزارەوەی نەخشەی جیهانە، ئەمانە و چەند خاڵێکی دیکە، کە لەبەرژەوەندی ئەو وڵاتەدا نەبوون.

قوتابخانەی سێیەم بریتییە لە قوتابخانەی سلاڤی روسی، قوتابخانەیەکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی دامەزراوە و لە منداڵدانی لۆژیکی مارکسی لەدایکبووە، کە لۆژیکێکی ماددی دیالەکتیکی مێژوویی ئایدیۆلۆژییە و، لە رووسیا و وڵاتەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات سەریهەڵداوە. کە بەچاوێکی گشگیرانە سەیری جیهان و کۆمەڵگە و رۆشنبیریی و ئەدەب دەکات. بڕوای بە پەیوەندییەکی جەدەلی لەنێوان ژێرخانی ماددی یان ژێرخانی کۆمەڵگە و ژێرخانی سەرەوە کە لە رۆشنبیریی و ئەدەب و پێکهێنەرە گرنگەکانی پێکهاتووە هەیە. بە بۆچوونی ئەوان پەیوەندی ژێر خان و سەرخان یان کۆمەڵگە و رۆشنبریی، وەك لایەنی سەرەکی بنەڕەتی هاوکێشەی ئەو جەدەلیەتەیە. بوونی لایەنی ماددی وشیاری رۆشنبیریی دیاریدەکات و، ژێرخانیش بڕیاری بنیاتی سەرخان دەدات واتە ئەدەب و رۆشنبیری. هەروەها ئاراستەیان دەکان و ئاراستەکەشیان دیاریدەکان.(عبود، 1999، 40)

1 – 3 کارگەریی و کارگەربوون (کارلێکەر و کارتێکراو)

لەسەرەتای نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا، مێژوونووسانی ئەدەب مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەکیان بەجیا تۆمارکردووە نووسیوەتەوە، کە جیاوازە لە نەتەوەیەکی دیکە، هەروەکو ئەوەی ئەو ئەدەبە بەشێوەیەکی دابڕا و بە سەربەخۆیی بەبێ ئەوەی پەیوەندیداربێت بەهیچ لایەن و نەتەوەیەکی دیکەوە لەنێو خۆیدا گەشەی کردووە، مێژوونووسانی ئەدەب نرخ و بەهای ئەدەبی نەتەوەییان نەزانیوە و گرنگیان بەو پەیوەندییە نەداوە، کە هەموو ئەدەبێك بە ئەدەبی نەتەوەیەکی دیکەوەی هەیە، ئەو دۆخەش هەر بەو شێوەیە مایەوە تاوەکو هاتنەکایەی ئەدەبی بەراوردکاری بەشێوە سەرەتاییەکەی بۆ نێو مەیدانی توێژینەوە و مێژووی ئەدەبەوە، یاخود توێژینەوە لە کاریگەریی و کاریگەربوون، توانرا ئەو بۆشاییە لە مێژووی ئەدەبدا پڕبکرێتەوە، چونکە مێژووی هەر ئەدەبێکی نەتەوەیی بەتەنها گوزارشت لە مێژووی و گەشەسەندنی ئەو ئەدەبە بەتەنها و بەدابڕاوی ناکات، بەڵکو ئەوە مێژوویێکی هاوبەش و تەواکاری یەکترییە لەنێوانی ئەو ئەدەبە و، ئەدەبی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکە، لەمیانەی کارلێککردن و ئاڵوگۆڕکردنی نێوانیان، لێرەدا و لەو ئاستەدا ئەرك و گرنگی ئەدەبی بەراوردکاری کۆتایی دێت. (عبوود، 1999، 27) کە دەشڵێین ئەدەبی بەراوردکاری نابێت بەشێوەیەکی زۆر بەرتەسك و کەمەوە سەیری بکەین، چونکە ئەرکەکانی ئەو ئەدەبە زۆر گەورە بەرفراوانن، بوار و کارکردنی ئەو ئەدەبە بەتەنها بەراوردکردنی دوو ئەدەب و دوو نووسەر و دوو وڵات نییە و، بەشێوەیەکی بەرتەسك لە قالب درابێت، بەڵکو شێوازی کارکردنەکەی بەرفراوانە و لەمیانەیەوە دەتوانرێت خزمەت بە بواری ئەدەبی نەتەوەیی بکرێت، بۆنموونە دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیەك بەگشتی بکرێت و لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەدا بەراورد بکرێت، کاریگەربوون و بەو ئەدەبانە و کاریگەری لەسەر ئەو نەتەوانە و، بە پێچەوانەوە بخرێتەڕوو، هەروەها لێکۆڵینەوە لە کار و بەرهەم و مێژووی کارکردنی ئەدەبی نووسەرێك یان شاعرێك بکرێت و، رۆڵ و کاریگەری و کاریگەربوونی بە ئەدەبی نەتەواکانی دیکە و سوودوەرگرتنەکانی و شێوازی ئەو سوود و کاریگەرییە و رۆڵی لەسەر نووسەرانی دەرەوەی نەتەوەکەی بخرێتەڕوو، لەهەمان کاتدا لێکۆڵینەوە لە بارەی توخم و جۆرێکی ئەدەب و هونەرێکی ئەدەبی بکرێت و، کاریگەربوون و چۆنێتی گواستەوە و کاریگەربوونی بە نەتەوەکانی دیکە روونبکرێتەوە. هەروەها دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە حیکایەت و ئەفسانە کۆنەکان بکرێت و، لەگەڵ بەرهەمی کۆنی نەتەوەکانی دیکەدا بەرامبەر بکرێن و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان و چۆنییەتی کاریگەربوون و هۆکارەکانی لێکبدرێنەوە. ئەمانە و چەندین بواری دیکە مەیدانی کارکردن و خزمەتی ئەو ئەدەبەن. "(کەفائی، 2011، 27، 28).

ئەو کاریگەربوونەش تەنها مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەدەبێکی کۆنی جیهانی کەریگەری بخاتە سەر ئەدەب و نووسەرەکانی سەردەمێك لە سەردەمەکان و ئیتر بۆ سەردەمەکانی دیکە بوەستێت و کاریگەری نەمێنێت، بەڵکو ئەو پرۆسەیە بەردەوامی دەبێت و کەس ناتوانێت دیاریبکات و بیوەستێنێت، بەمشێوەیە " کاریگەری ئەدەبی جیهانی، تەنیا بە ئەدەبی سەردەمەوە ناوەستێ، بەڵکو بەرهەم و شاکاری گەورە شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان بەگشتی، تا ئێستاش کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی ئەمرۆ هەیە"(محەمەد، 2011، 9)، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەرهەمێکی ئەدەبی

نەتەوەیەك یان نووسەرێك بەهەر هۆكارێك بێت و لەهەر كات و سەردەمێك دەبێت، لەنێو سنورێكی دیاریكراوی نەتەوە و وڵاتێكدا دەپەڕێتەوە و خەڵكی دیكە ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدادەكەن و پرۆسەی كارتێكردن روودەدات، كەواتە " بایەخدان بە توێژینەوەی ئەدەبیانی جیهانی كە ناوبانگیان سنووری وڵاتەكەیانی بەزاندووە و گەیشتۆتە ناو نەتەوەكانی ترەوە، هەندێ لە نووسەرانی ئەو نەتەوانە ئاگاداری بەرهەمی ئەدیبانی جیهانی بوونە و هەوڵی لاسایی كردنەوەیان داون" (مەعروف،2008، 58)، خۆ ناتوانین بڵێین هەموو ئەو بەرهەمانەی كە بەشێوەیەكی نوێ دەگەنە نێو شوێن و خەڵكی دیكە یەكسەر كارتێكردن پەیدادەكات، بەڵكو تەنها ئەو بەرهەمانە ئەو كارە دەكەن، كە خاوەنی ئاستێكی بەرزی هونەریی و توخم و تەكنیك و شێوازی داهێنەرانەن، چونكە " هەمیشە ئاستی هونەریی بەرز و تەكنیك و بونیاد و ستایڵ...هتد كە ناوازە و داهێنانی بەرز بن، سنووری نەتەوەیی دەبەزێنن و دەبنە سەرچاوەی بەخشینی هونەری بۆ كولتوور و ئەدەبی گەلانی تر." (محەمەد، 2011، 17) و بەو شێوەیە كارتێكردن و كاریگەربوون لەو شوێن و وڵاتەدا دروستدەكات. هەر لەو روانگەیەوەش بووە، كە " ئەدیبە گەورەكانی دنیا كاریگەرییان لەسەر رێبازی ئەدەبی، یان قۆناغێكی مێژوویی ئەدەبی گەلان هەیە." (محەمەد، 2011، 119)

نەك هەر ئەدەبی نووسراوی گەلان كار لەیەكدی دەكەن، بەڵكو ئەدەبی میللی و فۆلكلۆریی و كلتووری نەتەوەكانیش كارلەیەكدی دەكەن و دەبنەمایە كاریگەربوونی خەڵكی دیكە لەدەرەوەی ئەو نەتەوەیەدا، هەرچەندە ئەو ئەدەبە بە رەسەنایەتیی و سادەو ساكار و رەوان ناودەبرێت و بە ئاسانی لەنێو گشت تاك و كۆمەڵ و كون و كەلەبەرێكی نەتەوە و وڵاتەكەی خۆیدا بڵاو دەبێتەوە و هەمووان پێی ئاشنادەبن، دەبێ ئەوەش بزانین، كە دەڵێین سادە و ساكار مەبەست ئەوە نییە لە نرخ و بەها و گرنگی كەمبكەینەوە، چونكە ئەدەب و كلتوری میللی ئەدەبێكی هێندە سادەو ساكار نییە، كە تەنها گرنگییێدانەكانی لەسەر هەندێ جوانناسیدا كورتبكرێتەوە، بەڵكو ئەدبێكی ئامانجدار و كارایە، لەخاكێكی كۆمەڵایەتیدا رواوە و پێگەیوە، پەند و ئامۆژگاری و تێگەیشتن و دابونەریت و هیواو خواست و ئارەزوو و خەونەكانی بەنەمری دەمێننەوە، بەشێوەیەكی بەهێز و كاریگەر لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دیكەی دوای خۆی دەگوازرێتەوە و، بەشێوەیەكی كارا و بەهێز دەمێنێتەوە و پارێزگاری لەخۆی دەكات، بەشێوەیەك كە هەندێك جار مرۆڤ لە ئاستی گۆڕانكاریی لەو كار و نەریتانەی هەندێ خەڵكی بە بێئاگایی ئەنجامی دەدەن بەبێ ئەوەی راستی و حەقیقەت و هۆكارە پاڵنەرە مێژووییەكانی بزانن دەستەوەستان دەبێت. بۆ نموونە ئەو پەندانەی پێشینان بۆیان جێهێشتووین، كە نەتەوە و كۆمەڵ دووبارەیان دەكاتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو ئەزموونە كۆمەڵایەتییە كە بەرهەمی هێناوە بزانێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە ئەدەبی میللی خەڵكی هاندەدات كە بەشێوەیەكی وەستاو و نەگۆڕ بمێننەوە، بەڵكو گوزارشتە لە ئەدەبێك كە وێنای رەگەزە پێكهێنەرەكانی بنیاتی گۆمەڵگەی بەجوانی كردووە، رەگ و ریشە و ناسنامەكەی خۆی پێدەبەخشێت. .(حرب، 1999، 80، 81). ئەو ئەدەبە لەچوارچێوەی نەتەوەیی و پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتیماندا زۆر گرنگە و، دەتوانرێت هەر لەسەرەتاوە منداڵانی نەتەوەكەی لە هەموو بوارەكانەوە پێ گۆشبكرێت و پەروەردە بكرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەوەشدا بێگومان بین، كە ئەدەبی میللی و كلتوور بەتەنها گرنگی بە پەروەردە و فێركردنی منداڵان و نەوەی نوێ نادات، بەڵكو سەرەڕای ئەوە گرنگی بە پەروەردەكردن و وشیاركردنەوەی گەورە تەمەنەكانیش دەدات و، لەمیانەی پەندەكاندا پوختەی ئەزموونی ژیانی رابردووی مرۆڤایەتی و كۆمەڵەكەیان پێشكەشدەكات. .(عبوود، 1999، 85)

لەگەڵ هەموو ئەو گرنگیانەی باسكران، كەچی هەندێ لە توێژینەوەكانی بواری كاریگەریی و كاریگەربوون لە رەسەنایەتی ئەدەبی كاریگەربوو كەمدەكەنەوە، پێیانوایە بەسیمای ئەدەبە لاسایكراوەكەی بێگانە بەدیاردەكەوێت، بەڵام ئەوە هەڵەیە و زۆر نەگونجاوە، خۆ ئەو نووسەرانە دزی ئەدەبییان نەكردووە و ئەدەبەكەیان ناچێتە نێو چوارچێوەی ئەدەبی دزیارییەوە، هەرچەندە ژمارەی ئەو بەرەیە كەمیشە، بەڵام هەبوونی ئەو دەنگ و ئاراستەیە باشنییە و خزمەت بە بواری ئەدەبی نەتەوەیی و جیهانیش ناكات، بەڵكو تەوەری كاریگەربوون لە ئەدەبدا یان سوودوەرگرتن لە ئەدەبەكانی دیكە و دروستكردنی ئەدەبێكی نەتەوەیی رەسەنایەتییە... بەڵكو پێویستە بە پێچەوانەوە پرۆسەكە ببیندرێت، چونكە ئەدەبی كاریگەربوو داهێنان دەگەیەنێت، ئەوە، ئەوە ئەو ئەدەبەی هەڵبژاردووە و بەرزیراگرتووە، ئەوە، ئەوە بەشێوەیەكی نوێ و داهێنەرانە سوودی لەو ئەدەبە وەرگرتووە و بەشێوەیەكی گونجاوتر و سەردەمیانە تر و وەڵامدەرەوەیەكی باشتر كاری تێداكردووە.(عبوود، 1999، 17) هەروەها دەبێت ئەو توێژەرانەی پێیانوایە كە خستنەڕووی نوسراوە ئەدەبییەكانی نووسەرێك لە رەسەنایەتی كەمدەكرێتەوە بزانن، كە رەسەنایەتی داهێنانە، چونكە زۆر نووسەری مەزن هەیە، كە هیچ پێی شەرم و نەنگی نییە، كە دان بە كەوتنە ژێر كاریگەریی خەڵكی دیكەدا دەنێت، هەروەها بەشانازییەوە زۆر لە نووسەران نووسراوەكانی پێش خۆیان باسدەكەن، كە كاری لێكردوون و پێی كاریگەربوونە، كەواتە لێردا دەردەكەوێت، كە داهێنان ناشاردرێتەوە، كەسیش ناتوانێت نكوڵی لێبكات.

چونکە داهێنان لەیەك شتدا کورتناکرێتەوە و بەتەنها یەك شت نییە، وەکو ئامراز و شێواز و ڕێگە و ئاراستە، بەڵکو داهێنان خۆی لە بلیمەتی هێزی هونەریی جوڵێنەر بۆ کاری داهێنان و کاریگەرییەکانیدا دەبینێتەوە (ستالکنخت وفرنز، 2011، 78). هەر بۆیە نابێت بەشێوەیەکی لاوەکی و سەرپێییانە کار لە بواری کاریگەربووندا بکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی کاریگەری خاوەنی واتا و مەبەستی تایبەت بەخۆی بێت، پێویستە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بخرێتەڕوو و کاری لەسەر بکرێت، جا بەشێوەیەکی رووکەشیانە یان لە ناخ و قووڵایی خودی کارە ئەدەبییەکاندا بێت، ئەمەش دەتوانرێت لەمیانەی نێوەڕۆك و بیروبۆچوون و تێڕوانینی گشتی کە نووسراوێکی دیاریکراو دەیخەنەڕوو بەدیاربخرێت. هەروەها زۆر پێویستە کە بەڵگەی دیار و باوڕپێکەر لەبارەی کاریگەربوونی نووسەرەکە و دەقەکە بخرێنەڕوو. (ستالکنخت وفرنز، 2011، 85)

1 – 4 کاریگەریی و کارلێکردن و نەتەوەی کورد

نەتەوەی کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان لەو پرۆسەیە بەدەرنییە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەب و نووسەرانی دیکەی نەتەوە و وڵاتانی دیکەی جیهان و، شتیان لێوەرگرتوون و سوودیان لە ئاراستە و تەکنیك و توخم و شێوازەکانیان وەرگرتووە. هەروەها ئەوانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەدەب و نووسەرانی کوردەوە و شتیان لێوەرگرتوون و پێانەوە کاریگەربوونە، چونکە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی کۆنە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە و، لەگەڵ نەتەوە دێرینەکانی دیکەی مێژووی مرۆڤایەتیدا ژیاوە و، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری یەکدیەوە لە بوارە جودا جوداکانی ژیاندا، جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نێو مێژوو و، چاو بە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بگێڕین دەبینین، کە لەیەکچوون لە هەندێ رووەوە لەنێوان ئەدەبی کۆنی میسریی و ئەدەبی کوردیدا هەیە، بۆ نموونە هەردووکیان سەرەتای دەسپێك و سەرچاوەیان بۆ نێو پەرستگاکان و شوێنە ئایینییەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها هەندێ نەریت و کلتووریشیان لە یەکدەچن. وەکو ئەوەی میسرییەکان نوسخەیەکیان لە نووسراوێك لەگەڵدا مردووەکاندا ئەخستە نێو گۆڕەکەیەوە، کوردە کۆنەکانیش ئەو کەسەی لەکاتی ژیانیدا چ شتێکی زۆر لەلا خۆشەویست بوایە، ئەوا لەگەڵیاندا ئەخستە نێو گۆرەکەیەوە. (سەجادی، 1984، 600) ئەمەش لەیەکچوونی کلتووری هەردووکیان بەدیاردەخات، کە هەر ئەو کلتوورەشە بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەدەبی گەلان، لەهەمان کاتدا لەیەکچوون لەنێوان ئەدەبی کوردیی و هیندیش وەکو دوونەتەوەی جیاواز لە ئێستادا و خاوەنی یەك رەگ و ریشەی رەگەزی هەبووە، بۆ نموونە " چۆن لە ئەفسانەی هیندییەکەدا دونیا پشتی هەڵکرد لە سەرۆکەکانی پانداڤا – کە کوڕەکانی ((پاندۆ)) بوون – لە هی کوردییەکەشدا بەوجۆرە پشتی کردە بەرگەرد و فەرگەرد" (سەجادی، 1984، 632)، دیسانەوە ئەو لەیەکچوونە دەگەڕێتەوە بۆ بەشێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆری کە ئەفسانەکانە، هەروەها بەپێی بۆچوونی (عەلائەددین سەجادی) لەزۆر رووە لەیەکچوون لەنێوان داستانی (ئۆدیسە)ی (هۆمیرۆس)ی یۆنانی و (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی) کوردیدا هەیە. هەرچەندە زەمەنێکی زۆر و مەودایەکی دوور لەرووی شوێنەوە لەیەکدییەوە دوور بوونە.. (سەجادی، 1984، 652)، فارسەکانیش نەتەوەیەکی دیکەن لەو نەتەوانەی کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئەدەب و نووسەرانی کورددا، هەرچەندە ئەگەر بەچاوی ئەمرۆ سەیری سنووری وڵاتان و نەتەوەکان نەکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، لە سەردەمانی زوودا هەردوو نەتەوەی کورد و فارس و چەند نەتەوەیەکی دیکە لەچوارچێوەی یەك نەتەوەدا بەناوی نەتەوە ئێرانییەکان لە زۆر بواردا هاوبەشن و بەیەکەوە بوونە، ئێمەش بەش و پشکمان بە میراتی ئەو مێژووە کۆنەوە هەیە، جا کەدەڵێین "ئەدەبی فارسی ئەدەبێکی دەوڵەمەندە، خاوەن مێژوویێکی درێژە، هەوڵ و تێکۆشانی ئەو نەتەوانەن کە بە کۆمەڵەی ئێرانی لە قەڵەم دەدرێن، کە کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە سەردەمێك شاعیرانی کورد بە فارسی شیعریان دەنووسی "(گەردی، 2004، 389) ئەوە گومانی تێدانییە و مێژوو ئەوەی ساغکردۆتەوە، کە نەتەوەی فارس خاوەنی مێژوویێکی ئەدەب و هونەر و کلتووری گەورە و پڕ لە نرخ و بەهان، نەك هەر کورد، بەڵکو نەتەوەی دیکەش کاریگەربوونە پێیان و کاریتێکردوون، لەوانە کاریگەری ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی عەرەبیدا روون و دیارە، ئەویش " لە ئاکامی هاوسێیەتی نێوان گەلی عەرەبی و فارسی، هەندێ پێوەندی لەنێوان عەرەب و فارس روویدا، لە ئەنجامی هاوکاری گونجاو پاش هاتنی ئیسلام، پێوەندی نێوان ئەم دوو زمانە رووی لە زیادبوون کرد" (مەعروف،2008، 88) جا لەبەرئەوەی فارسەکان لە هەندێ بوار و جۆری ئەدەب و هونەردا سیما و خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان هەبووە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیان بوونە و خەڵك و نەتەوەی دیکە پێان کاریگەربوونە و، لەمیانەی ئەوانەوە بۆ نێو نەتەوەی خۆیان گواستۆتەوە، بۆ نموونە لە رووی (مقامات)ە وە عەرەبەکان پێیان کاریگەربوونە و بەشێوە و شێوازی تایبەت بەخۆیان و سوودیان لێوەرگرتووە و بۆ نێو ئەدەبی نەتەوەکەیان گواستۆتەوە. .(هلال، 1981، 227) هەرچەندە لەزۆر رووەوە عەرەبەکان لە مێژوودا پێشی فارسەکان کەوتوون، بەڵام ئەدەبەکەیان زۆر بەهێز و ئاستبەرزە، بۆیە کاریگەرییان لەسەر نووسەرانی عەرەبدا داناوە و پێی کاریگەربوونە، بۆ نموونە چیرۆکەکانی (کلیلە و دیمنە)یان لەرێی ئەدەبی فارسییەوە وەرگرتووە و لەوێوە وەریانگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی. .(هلال، 1981، 187) .

هەر بەهۆی ئەو هێز و کاریگەرییەی ئەدەبی فارسی بووە، کە نەتەوەی کوردیش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی و سوودی لێوەرگرتووە، چونکە" ئەدەبی فارسی یەکێکە لە ئەدەبە دەوڵەمەندەکانی دەوروبەر، کە ساڵانێکی زۆر خزمەت کراوە و رەگی داکوتاوە و شاعیرانی کوردیش بەدرێژایی مێژوو گرنگیان بەم ئەدەبە داوە و لەپاڵ ئەدەبی عەرەبی بەشێك بووە لە رۆشنبیری شاعیرانی کورد" (عیسا، 2009، 312). کاریگەریی و نزیکی ئەو ئەدەبە لەسەر ئەدەب و نووسەرانی کورد هێندە بەهێز بووە، وایلێهاتووە لە هەندێ سەردەمدا بوونەتە بەشێك لەو ئەدەبە و وەکو خاوەنماڵ خزمەتیانکردووە، چونکە "بەشێکی زۆری شاعیرانی کلاسیکی کوردی، زمانی فارسییان زانیوە و شیعریشیان هەر بەو زمانە داناوە، جا ئەم کارتێکردنە بەهۆی وەرگێران و لێکچوونی زمان و دابونەریت و باری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بێ یان بەهۆی ئایینی ئیسلام و باری جوگرافی ناوچەکە بێ، کاریگەریان لەسەرشاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردیدا بە روونی و بە ئاشکرایی بەدەر دەکەوێ." (مەعروف،2008، 120) ئەو کاریگەرییە هێندە گەورە و دیارە، وایکردووە کەسێکی وەکو (عەزیز گەردی) بڵێت:" بە گوێرەی کاریگەریی نێوان ئەدەبی فارسی و کوردی زۆر چاك دیارە و ماندوو بوونی پێ ناوێ." گەردی،1978، 137)

کاریگەری ئەدەبی لەنێوان هەرسێ نەتەوەی دراوسێ(عەرەب، فارس، کورد) زۆر زاڵە و کاریگەری هەبووە، نەك بەتەنها لە ئاستی نووسەرێك یان جۆرێکی ئەدەبیی و هونەرێکی ئەدەبی یان ئاراستەیەکی ئەدەبی، بەڵکو ئەو ئاستانەشی بەزاندووە، بۆ نموونە کاتێ دەنگی گۆڕانکاریی و نوێخوازی لەنێو نەتەوەیەك لەو نەتەوانە بەرزبۆتەوە و کەوتۆتە جوڵە و نەشونما و کەوتنە سەرپێ و گۆڕانکاری گەورەی لەنێو نەتەوەکەدا هێناوەتەکایەوە، ئەو بزوتنەوە گۆڕانکارییە پەرپووەتەوە بۆ نێو بواری ئەدەبی نەتەوەکانی دیکەش و بەهەمان شێوە و زۆر نزیك لە نەتەوەی دراوسێکەی ئەوانیش هەستاون بە شۆڕشی ئەدەبیی و گۆڕانکارییان لە ئەدەبەکەیاندا کردووە و، بەرەوە نوێکردنەوە و تازەگەری هەنگاوی چەندیی و جۆری مەزنیان ناوە. ئەوەش لەنێوان ساڵانی 1969 – 1970)دا روویداوە، کە هەر سێ بزووتنەوە ئەدەبییەکەی بەیاننامەی (69) ی عێراق و بەیاننامەی شیعری (حجم)ی ئێران کە هەردووکیان لە ساڵی 1969 دا روویاندا پاشان بەدوایاندا نووسەرانی کوردیش لە ساڵی 1970 بەیاننامەی روانگەیان راگەیاند و داوای تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردییان کرد. هەرسێ بزووتنەوە ئەدەبییە نوێخوازەکە لەرووی کاتەوە زۆر لێکەوە نزیکن هەروەها لەرووی کار و داواکاریی و شێوەی کارکردنیش هەر لەیەکەوە نزیکن، ئەوەش هەر دەچێتە چوارچێوەی کاریگەریی و کارلێکردنەوە لەنێو هەر سێ نەتەوەکەدا . (بەرزنجی، 2008، 70)

بەشی دووەم: بەراوردکردن لەنێوان (ضحاك)ی شانامە و (دوارۆژی دەئاکی زۆردار)ی زەکی هەناری

پەیدابون و سەرهەڵدنی ئەدەبی بەراوردکاری لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی (20)م. واتە زۆر بە درەنگەوە سەریهەڵداوە و کاری لەسەرکراوە، دوای ئەوەش تا ڕاپەڕین و کۆتایی سەدەی بیستەم زۆر بەکەمی خزمەتکراوەو نووسەرانیش کەمیان لەسەر نووسیوە، بەڵام دوای راپەڕین و لە سەدەی نوێدا هەنگاوەکان خێراتر بوونە، تائێستاش چەند بەرهەمێك وەکو کتێب بەرهەمهاتوون و کەژمارەیان دەگاتە سەرووی (11) کتێب، هەروەها وەکو لێکۆڵینەوەی زانستیش نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی ئینگلیزی لە بواری زمان و ئەدەب چەندین لێکۆڵینەوە کراوە، کە ئەوانیش دەگەنە سەرووی(36) لێکۆڵینەوە، سەرەڕای وتار و بابەتی پەیوەندیدار بە بواری ئەدەبی بەراوردکاری لە گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا، ئەوانەش لە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری کە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا کراوە خراونەتەڕوو.(مەولود،3013، 84 – 89)

لێرەدا دوو کاری ئەدەبیمان هەڵبژاردووە بۆ بەراوردکردن، بۆ ئەو مەبەستەش پشتمان بە قوتابخانەی فەرەنسی بەستووە، کە کاریگەربوونی ئەدەبێکە بە ئەدەبێکی دیکە یان نووسەرێك بە نووسەرێکی دیکە، جا ئەو کاریگەرییە بەهۆی خوێندنەوەی بابەتی کارتێکردووەوە بێت یان هەر هۆکارێکی دیکە، کە ئەو کاریگەریەی لەسەر نووسەر کارتێکراو دروستکردووە و وایلێکردووە داهێنان بکات و لەو روانگەیەوە بابەتێکی دیکە دابرێژێت و بنووسێت.

1 – 2 – أ خستنە ڕووی ڕووداو و نێوەرۆکی داستانی شانامە

جەژنی نەورۆز کە نەتەوەی کورد بە جەژنێکی نەتەوەیی خۆی دادەنێ و کۆمەڵێك بەڵگەی مێژوویشی بۆ ئەمە لەبەردەستدان، کە ئەو راستییە دەسەلمێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە گەلانی رۆژهەڵات یان گەلانی هیندۆ ئەوروپی و رەگەزی ئاری بەهەمان شێوە خۆیان بە خاوەنی ئەو جەژنە دەزانن، ئەو گەلانەش وەکو (فارس، هیند، تیرەکانی ئەفغان و...هتد)، کۆمەڵێك ناو بۆ ئەو رۆژە یان جەژنە یان رووداو و بەسەرهاتە هەیە. وەکو

(نەورۆز، میهرەگان، سەدە، کۆسە، بەهمەن، تیرەگان)، جا لەبەرئەوەی کە باسمانکرد هەریەکەیان خۆی بەخاوەنی ئەو جەژن و رووداوە زانیوە. بۆیەش ئەدیب و نووسەرانی ئەو نەتەوانە لەبارەی ئەو جەژنە رای خۆیان لەبارەوە دەربڕیوە و بابەتی خۆیان نووسیوە وەکو (ئەفسانە، داستان، دەقی شانۆیی، چیرۆك، لێکۆڵینەوە، شیعر و وتار).

ئێمە لەم گۆشە نیگاوە بەراوردی ئەو دوو کارە ئەدەبییە دەکەین، چونکە بنەماکانی ئەدەبی بەراوردکاری ئەوەیە ، کە نووسەرێك کار لە نووسەرێکی دیکە بکات و شتێکی تازە و نوێ بەهۆی ئەو خوێندنەوە و گوێبیستەو و هەزمکردنەوە دابهێنێت. (فیردەوسی) کە ناوی تەواوی (حسن کوڕی عەلی طوسی) (932 – 1025)، لە ساڵی (1010) داستانە بەناوبانگەکەی (شانامە)ی نووسیوە، کە لەدووتوێدا هەموو رووداوە گرنگەکانی نێوچەکەی تۆمارکردووە، لەنێویشیاندا باسی رووداوی ( زوحاك و کاوەی ئاسنگەر) یان (جەژنی نەورۆز)ی کردووە و هەوڵیداوە، کە حەقیقەتەکان بە بیروبۆچوون و تێڕوانینی خۆی تۆماربکات، کە جەژنەکەی (جەژنی نەورۆز)ی وەکو جەژنێکی نەتەوەیی نەتەوەی فارس تۆمارکردووە. لەوانەیە بە بۆچوونی ئێمە وەکو نەتەوەی کورد ئاوەژووکردنەوەی رووداوەکە و راستییەکان بێت، کە ئێمەش بە جەژنی نەتەوەیی نەتەوەی کوردی دەزانین، بەهەرحاڵ (فیردەوسی) ئەم رووداوەمان ئەوها بۆ دەگێڕێتەوە و باسدەکات، ئەو فەرمانڕەوایە ، کە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی هەزار ساڵی خایاندووە، رۆژێك شەیتان لە بەرەبەیاندا لەشێوەی مرۆڤدا خۆی دەگەیەنێتە (ئەژدەهاکی کوڕی مەرداس) و چەندین قسەی جوان و رێکی لەگەڵدا دەکات و لە ئاکامدا کاری لێدەکات و وای لێدەکات هەڵدەخەڵەتێنێت و باوکی خۆی دەکوژێت و دێتە سەرتەخت و دەبێت بە شای وڵات. دووبارە شەیتان خۆی دەگەیەنێتەوە پاشا و ئەو جارەیان لە بەرگی لاوێکی جواندا خۆی دەگەیەنێتە (ئەژدەهاك) و وردەوردە خۆی لێ نزیك دەکاتەوە، تاوەکو توانی بەتەواوەتی سەرنجی بۆ لای خۆی رابکێشێت. وای تێگەیاند، کە ئەو چێشتلێنەرێکی بێوێنە و لێهاتووە، بۆیە ئەویش بڕیاردەدات، کە بیکات بە چێشتلێنەری تایبەتی خۆی. تا لە ئاکامدا (ئەژدەهاك) زۆر پێی سەرسام دەبێت و بانگی دەکات، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری خۆی بۆ دەربڕێت، لەبری ئەو خواردنە خۆش و نایابانەی لەو ماوەیەدا بۆی دروستکردووە، ئەویش پێی دەڵێت: گەورەم من یەك ئاواتم هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە شانە پیرۆزەکانی بەڕێزتان ماچبکەم، جا بەو بۆنەیەوە داوا لە خاوەنشکۆی بەڕێز دەکەم، کە شانە پیرۆزەکانیم بۆ دەربخات و رووتبکات، بۆ ئەوەی زیارەتیان بکەم. ئەویش داواکارییەکەی جێبەجێ دەکات و، شانەکانی ماچدەکات، دوای ماچکردنەکە بە ماوەیەك شانەکانی ئازاریان لێ پەیدادەبێت و پاشان دوو ڕەشمار لە شوێنی دەمی چێشتلێنەرەکە لەسەر شانی (ئەژدەهاك) سەردەردەهێنن. دوای ئەو رووداوە، چێشتلێنەر(شەیتان) وندەبێت و لەوێ نامێنێت. دیسان بۆ جاری سێیەم لەشکلی حەکیم و پزیشك دێتەوە کۆشك و دەڵێت من چارەسەری پاشا دەکەم، دوای پشکنین پێی دەڵێت چارەسەری تۆ ئەوەیە هەموو رۆژی مێشکی دوو لاو دەرخواردی مارەکانی سەر شانت بدەی، تاکو هێور ببنەوە و ئازارتنەدەن، دوای ئەوە خۆی وندەکات و ئەژدەهاك و دەستوپێوەندەکەشی بڕیاردەدەن بەقسەی بکەن و رێنماییەکانی وەکو خۆی جێبەجێبکەن، رۆژانە دوو لاوایان دەگرت و سەریان دەبڕین و مێششیان دەرخواری مارەکانی سەر شانی ئەژدەهاك دەدا، دوو کەس کە ئەو فەرمانەیان جێبەجێ دەکرد ناویان (ئەرمایل و گەرمایل) بوو، کە وەکو سەربڕ و ئامادەکاری دەرمان لە مێشکی لاوەکان کاریاندەکرد، ئەوانە زۆر دڵتەنگ و بێزاربوون لەو کردەوەیە، بەڵام چاریان نەبوو، هەر ئەوەندەیان پێکرات، کە لەو دوو لاوە یەکێکیان سەربڕن و یەکیشیان ئازاد بکەن و لەشوێنی ئەو مەڕێك سەرببڕن و مێشکی تێکەڵی مێشکی لاوەکە بکەن و دەرخواردی مارەکانی بدەن، بەلاوە ئازادکراوەکەشیان دەوت، کە بچێت بۆ چیا و خۆی ونبکات، بەمشێوەیە وڵات کەوتە نێو تاوان و زۆرداریی و وێرانکاریی و کوشت و کوشتار و هەموو ماڵێك تازیەدار بوون، بۆیە دەنگی ناڕەزایی خەڵکی بەگشتی لە نێر و مێ، گەنج و پیر دەبیسترا و بەنهێنی کۆدەبوونەوە و پرس و رایان بە یەکدی دەکرد، تا بزانن چیبکەن بۆ دەرچوونیان لەو زیللەت و دەردەسەرییە، هەمویان لەو باوەڕەدابوون، کە تەنها یەکگرتنە دەبێتە هێزی رزگارکەریان بۆیە دەبێت یەکبگرن.

ئەژدەهاکیش ئەو ناڕەزاییەی خەڵکی لێرە و لەوێ دەبیست و هەستی پێدەکرد، بۆیە هەمیشە لایەنی دەروونی ناجێگیر بوو لە ترس و راڕایدابوو، بۆیە شەوێك خەون دەبینێت، لە خەوونەکەی کەسێك دێتە بارەگای کۆش و سکاڵا دەکات و ناڕەزایی توند دەردەبڕێت، بە گۆپاڵ و گورز لە سەری دەدات دەیخات. پاشان خەڵکی ناڕەزی هەڵدەکوتنە سەر کۆشك و دەست و پای دەهاك زنجیر دەکەن و دەیکەنە دیل و دووری دەخەنەوە بۆ چیای دەماوەند و لەوێ خستیانە نێو چاڵێکەوە تا بەزەلیلی بمرێت. ئەژدەهاك لە خەوەکەی ڕادەپەڕێت و زۆر دەترسێت، بۆیە بەیانی هەموو زانایان کۆدەکاتەوە دەڵێ واتای خەونەکەم بۆ لێك بدەنەوە، کەسێکی زانا و شارەزا واتای خەونەکەی بۆ لێکدەداتەوە و پێی دەڵێت، منداڵێك لەدایك دەبێتا دەسەڵاتت لەنێودەبات، بۆیە ئەژدەهاك بڕیاردەدات هەر منداڵێك لەدایك بێت بیکوژن، ئیتر منداڵی زۆر بەو هۆکارە لەنێو دەچنە، بەڵام دوژمنەکەی ئەو لەدیك

دەبێت پێی نازانرێت و دەنردرێتە ناوچەکانی دوورەدەست و دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو، تا گەورە دەبێت و سەرکردایەتی رووخانی دەسەڵاتی دەکات و لە شوێنی ئەو دەبێتە پاشا. شا کە ئەمەی بیست زۆر ترسا، بۆیە کەوتە راو و تەگبیر بە زانا و دەستوپێوەندی، وایان بەباش زانی کە گەواهینامەیەك بنووسن و تێیدا پانگەشە بۆ دادپەروەری و چاکەکانی پاشا بکەن و بەنێو خەڵکیدا بڵاوبکەنەوەو ئەوانەشی دژی ئێمەن بە ئاژاوەگێڕ بیناناسێنن. دەبێ لەشکرێکیش بۆ لەنێوبردنیان ئامادەبکەن و سەرکوتیان بکەن، لەو کات و ساتەدا کاوە لە تاو گرتنی کوڕی هەژدەهەمی بۆ ناڕەزایی دەربڕین هەڵدەکوتێتە سەر کۆشك و دەچێتە ژوورەوە و لای پاشا سکاڵای خۆی دەردەبڕێت و داوای کوڕی هەژدەهەمی دەکات، ئەژدەهاك زۆر دەترسێت و خەونەکەی بیردێتەوە، بۆیە فەرماندەکات کوڕەکەی بۆ بێنن و بیدەنەوە، ئەوانیش کوڕەکەی ئازاددەکەن، بەڵام لەبری ئەوە داوای لێدەکەن کە ئەو گەواهێنامەی کە بانگەشەی دادپەروەری ئەژدەهاك دەکات بۆیان واژۆ بکات، ئەویش تووڕە دەبێت و گەواهینامەکە دەدڕێنێت و دەیخاتە ژێرپێیەوە و دەستی کوڕەکەی دەگرێت و دەردەچێت.

کاوە کاتێ لە کۆشك دەردەچێت دەچێتە نێو خەڵك و دەستدەکات بە هاندانی خەڵکی و داوادەکات ئیدی بێدەنگ نەبن و ڕاپەڕن و شۆڕش بکەن و زۆردار لەناوببەن، خەڵکی لێی کۆدەبنەوە و دەخرۆشێن و شۆڕش و ڕاپەڕین دەسپێدەکات، کاوەش بەرهەڵبێنەی کارکردنەکەی کە پارچە چەرمێك بوو کردە ئاڵاو کەوتە پێش خەڵکە ڕاپەڕیوەکە و هەڵیانکوتایە سەر کۆشی زۆردارو کاوە داوای لێکردن بچن بۆ لای (فەرەیدون) و داوای لێبکەن کە سەرکردایەتییان بکات، خەڵکی چوونەلای فەرەیدون و کردیانە سەرکردەی شۆڕشەکە و ئەویش ئاڵای دەستی کاوەی ماچکرد و داوەکەیانی قبوڵکرد، هەڵیان کوتایە سەر دامودەزگاکانی زۆردار و لەنویانبردن و ئەژدەهاکیشیان یەخسیرکرد و بردیانە چیای دەماوەند، وڵات ئازاد دەبێت و خۆشی و شایی و دادپەروەری سەراپای وڵات دەگرێتەوە، ئەو ڕۆژەش ناودەنرێت بەجەژن و ڕۆژی نوێ و ئازادی نەتەوەیی و ئاگریان لەسەر چیا و لووتکە بەرزەکان کردەوە و ناویان نا چەژنی نەورۆز.

دوای ئەوە خەڵکەکە بە یەك دەنگ لەبری ئازایەتی و یەکەم براچەی شۆڕش کاوەیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە پاشای وڵات، چونکە ئەو هۆکار و داگیرسێنەری شۆڕش بوو. بەڵام کاوە ڕەتیکردۆتەوە کە ببێتە پاشا و لەبری خۆی (فەرەیدون)ی پێشنیارکردو تا ببێتە پاشا، ئیدی خەڵکیش رازی دەبنە و فەرەیدون دەکەنە پاشای وڵات.

1 – 2 – ب خستنە ڕووی ڕووداو و نێوەرۆکی شانۆیی دوارۆژی دەئاکی زۆردار

مامۆستا زەکی هەناریش لە ساڵی (1900 – 1967) ژیانی کردووە و لە شاری کۆیە لە دایکبووە، شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرێکی سەردەمی خۆی بووە و زمانزان بووە، جگە لە زمانی کوردی زمانی نەتەوەکانی دراوسێشی زانیوە لەنێویشیاندا زمانی فارسیشی زانیوە و، شانامەشی خوێندۆتەوە، لەو بارەوە دەڵێت " لە ساڵی 1955 کە لە هەولێر بووم دەستم بە پشکنینی کتێبی زەردی مێژوویی بەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی کرد بۆ ئەمەی شتێك لە باسی ئەم ڕووداوانە بدۆزمەوە. لەسەر روناکی ئەمە، کلێشەێکی داستانی نمایشی مێژوویم دانا و کردمە هەڵبەست." (هەناری، 1960، 10). بۆیە یەکێك لە بنەما سەرەکیی و هۆکارەکانی دانان و کاریگەر بوونی بەو داستانە، کە خوێندنەوەیەی سەرچاوە سەرەکییەکەیە هاتۆتەدی، " بێ گومان ئەگەر کاریگەرێك لە نێو دوو بەرهەمی ئەدەبییدا هەبێ، دەبێ هۆیەك هەبێ ئەم کاریگەرەی پەڕاندبێتەوە، وەکو کتێب، وەرگێران، نووسەر، کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبیی، سەردان" (گەردی، 1978، 20)بەهۆی ئەوەی کورد و فارس دوو نەتەوەی دراوسێن و، ئەو داستانەی بیستووە یان بەهۆی کۆمەڵێ هۆکاری دیکە، کە دەبنە هۆی کاریگەریی ئەدەبی هەموویان بۆ ئەو کاریگەرییە ئامادەییان هەیە. لە ساڵی(1955)وەکو خۆی دەڵێت دەستیکردووە بە کۆکردنەوەی زانیاری و پلاندانان بۆ ئەوەی دەقێك لەبارەی (نەورۆز و کاوە) بنووسێت، لەساڵی (1958)دا ئەو دەقە شانۆییەی بەناوی (دوارۆژی دەئاکی زۆردار) نووسیوە، لە ساڵی (1960) دەقە شانۆییەکەی وەکو کتێبێکی سەربەخۆ چاپکردووە، بەوەش ئەو دەقە وەکو کتێبێکی بڵاوکراوە دەبێتە (13) هەمین کتێبی دەقی شانۆیی بە زمانی کوردی لە کوردستانی باشوور بلاوبۆتەوە، وەکو شیعری شانۆییش دەبێتە پێشڕە و سەرەتا و ڕەچەشکێنی بوارەکە، چونکە " بە یەکەم بەرهەمی شیعری شانۆیی کوردی دادەنرێت، کە سەربەخۆ لە شێوەی کتێبدا لە ساڵی 1960 بڵاوکراوەتەوە" (عەوڵڵا، 2011، 220) ، بەڵام پێش ئەوەی چاپبکرێت و بە زمانی کوردی بڵاوبێتەوە، لەلایەن (فەخری دەباغ) بۆ سەرزمانی عەرەبی بە ناونیشانی ( نهایە الطاغیە) وەرگێردراوە، لەساڵی (1959) دا لە ڕۆژنامەی (الحضرە) دا بڵاوکراوەتەوە.(کەریم ، 2009، 338). واتە پێش ئەوەی بە زمانی کوردی بڵاوبێتەوە بەزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

دەقەکە شانۆییەکە لە هەشت داستان پێکهاتووە. لە داستانی یەکەمدا کە لەچوار پەردە پێکهاتووە، ڕووداوەکان بەوە دەستیان پێکردووە، کە دەئاك لەگەڵ وەزیرەکانی کۆدەبێتەوە باسی دەسەڵات و هێز و دەسەڵاتی خۆی دەکات و خۆی بە ئامادەبووان دەناسێنێت، پاشان ڕێبە وەزیرەکانی دەدات قسەبکەن و یەکە یەکە قسەدەکەن، سەرەتا شالیار کەندور قسەدەکات و زۆر بەشان و باڵ و دادپەروەریی و دەسەڵاتی هەڵدەدات و مەرایی بۆدەکات و خۆی لێ نزیکدەکاتەوە، دوای ئەو شالیار ئازاد قسەدەکات، قسەکانی پێچەوانەی کەندورن و داوای لێدەکات دادپەروەر بێت و خێر و خۆشی بۆ گەلەکەی فەراهەمبکات، پاشان پیاوی ئایینی موبید قسەدەکات ئەویش وەکو کەندوور لە پاشا نزیکە و پشگیری دەکەن و بەهەموویان ئازاد تاوانبار دەکەن و هانی دەئاك دەدەن کە بڕیاری کوشتن و سوتاندنی ئازاد دەربکات، ئەویش بەقسەیان دەکات، بەڵام ئەنجامدانی بۆ بەهار دوادەخات، دەیبەن بۆ زیندان. لە داستانی دووەمدا دەئاك برسییەتی داوای نان دەکات دوای نانخواردن دەکەوێتە پیاهەڵدان بە شارەزایی و وەستایی ئاشپەزەکە و دەڵێت تەنها ئەو خواردنانە خواردن بوونە کە تۆ بۆت ئامادەکردووم ، بۆیە دەمەوێت خەڵاتت بکەم و پاداشتی ئەو خزمەتەت بدەمەوە، ئاشپەزەکەش دەڵێت ئەوە شانازییە بۆمەن، من پاداشتم ناوێت، بەڵام ئەگەر بهێڵی شانەکانت ماچبکەم، ئەوە گەورەترین پاداشت بۆ من، دەئاکیش بە شانازییەوە دەڵێت فەرموو شانەکانم ماچبکە، ئەویش شانەکانی ماچدەکات، دوای ماچکردنەکە، هەست بە شتێکی نائاسایی دەکات و ئازار لە شانەکانی پەیدادەبێت، پاشان دوو مار لەسەر شانەکانی دەڕوێن، زۆر ئازاریدەدەن، هەموو زانا و پزیشکەکانی وڵات بانگدەکەن تا چارەسەری پاشا بکەن ، بەڵام دەستەوەستان دەبن بەرامبەر دۆزینەوەی نەخۆشییەکەی و چارەسەرکردنی. لە داستانی سێیەمدا هەموو بە غەمباری دانیشتوون و پاشا لەوێ نییە و لەژووری تەنیایی خۆی کەوتووە بەهۆی پەرەسەندنی نەخۆشییەکەی و ئازاری زۆرەوە لەو ئان و ساتەدا و لە کۆتاییدا کەسێك وەکو پزیشکی گەڕۆك خۆی دەناسێنێت و دێتە کۆشك داوادەکات ڕێگای پێبدەن، تاکو چارەسە نەخۆشییەکەی پاشا بکات، ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە دەیبەن بۆ لای پاشا بۆ ئەوەی پشکنینی بۆ بکات، بە پێکەنین و خۆشی دێنە دەرەوە و دەڵێت چارەسەرم دۆزییەوە، ئەویش ئەوەیە، کە ڕۆژانە مێشکی دوو لاو بدرێت بە مارەکانی سەرشانی دەئاك و ئەوانیش ئارام دەبنەوە و ئازاری نادەن، بۆیە بڕیار دەردەکەن کە هەمووان ئامادەبن بۆ ئەو قوربانیدانە لەپێناو پاشای وڵاتەکەیان. لە داستانی چوارەمدا شا زۆر دڵی خۆشە و نەخۆشییەکەی بەهۆی دەرمانە نوێیەکەی، کە مێشکی لاوانە زۆر ئاسوودەیە و هەڕەشە دەکات لەو کەسانەی کە سەرپێچی دەکەن، لەو کاتەدا سەرتیپێکی سوپا دێت و مژدەی سەرکەوتنی بەسەر سوپای جەمشید بۆ دەهێنن و پێی دەڵێن کە بەتەواوی دەسەڵاتی ئەو پاشایەمان کۆتایی پێهێناو مەملەکەتەکەیشمان هەموو داگیرکرد و خستمانە سەر وڵاتەکەت، هەردوو کچەکەیشمان بەدیاری بۆ هێناوی کە ناویان ( شەهرناز و ئەرنەواز)ن، شا هێندەی دیکە دەگەشێتەوە دڵی خۆشدەبێت. لە داستانی پێنجەمدا، بەرەی دژ و ناڕازیی و شۆڕشگێڕەکان پیشاندەدرێن، کە لەترسی گرتن و سەربڕین هەموویان خۆیان گۆڕیوە و خۆیان کردووە بە کەسانی بەتەمەن و پیرەپیاو بۆ ئەوەی نەکەونەبەر شاڵاوی گرتن و خۆراکی مارەکانی دەئاك، یەکە یەکە قسە دەکەن و قسەکانیان لەبارەی ئەو زوڵم زۆرییەی دەئاکە و بانگەشەی یەکگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی دەئاك و دەسەڵاتەکەی دەکەن. داستانی شەشەم. کۆشکی دەئاکە و ترسی لێ نیشتووە و هەست بە مەترسی و سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی گەل دەکات، بۆیە کە بەخۆبکەون و چارەسەری هەموو مەترسییەك بکەن، بۆیە دەگەنە ئەو بڕیارەی کە گەواهینامەیەك بنووسنەوە و بەنێو گەلدا بڵاوی بکەنەوە، کە باس لە دادپەروەریی و پێویستی پاشا بۆ گەل و وڵات دەکات و دەبێت هەموون هەوڵی پاراستن و سەرخستنی بدەن، لەو کاتەدا کەسێك بە هاتوهاوار دێتە ژوورەوە و دەستدەکات بە ناڕەزایی و سکاڵا لەدەست ئەو نادادیی و زوڵمەی لێیکراوە، ئەویش ئەوەیە (17) کوڕی سەربڕاون و تەنها کوڕی (18)ی مابوو، کەچی ئێستا ئەویشیان هێناوە بۆ ئەوەی ببێتە خۆراکی مارەکان، داوای ئازادکردنی دەکات، دەئاکیش لێی دەترسێت، لەسەرێکیش دەیەوێت وەکو بەڵگە و بانگەشەیەك بۆ دەسەڵاتی دادپەروەرانەی بەکاری بهێنێت، بۆیە فەرمان دەکات، کە کوڕەکەی رادەستبکەنەوە، ئەوانیش کوڕەکەی ڕادەست دەکەنەوە، بەڵام داوای لێدەکەن، کە ئەو گەواهینامەیەیان بۆ واژۆ بکات، کاوەش دەیکاتە هاتوهاوار و گەواهینامەکە دەدڕێنێت و دەیخاتە ژێر پێیەکانی و دەستی کوڕەکەی دەگرێت و کۆشك جێدێڵێت.

داستانی حەوتەم، کاوە دەچێتە نێو خەڵك و دەستدەکات بە هوتاف و هاندانی خەڵکی بۆ ئەوەی دژی ئەو زوڵم و زۆرییە ڕاپەڕن و ئیدی بێدەنگ نەبن و ئەو کوشت و کوشتارە قبوڵنەکەن. خەڵکەکە دەخرۆشێ و وەکو بەنزین ئاگردەگرن و وەکو ئاوی سەر ئاگر قوڵپ دەدەن، ئامادەی هەموو قوربانیدانێك دەبن و دوای کاوە دەکەون، کاوەش بەروانکەی کارکردنی دەخاتە سەر ڕمێك و بەڕەنگی سور و سەوز و زەرد ڕەنگی دەکات و دەیکات بە ئاڵای شۆڕش و ڕاپەڕین و کۆتایی زۆردار. هەڵدەکوتنە سەر کۆشکی زۆردار و تەخت و تاراجی تێکوپێکدەدەن وێرانی دەکەن و هەرچی توانی هەڵبێت و خۆی قوتاربکات، ئەگینا ئەوانەی ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕان بوونەوە بەسزای خۆیان گەیشتن، شالیار ئازادیان ڕزگارکرد و تاوانبارانیان لەسێدارەدا.

له داستانی هەشتەم و کۆتاییدا، شۆڕشگێڕان و سەرکردەکانی شۆڕش دوای سەرکەوتن کۆبوونەتەوە، فەرەیدوون پێشنیار دەکات کە کاوە بکەن بە پاشای وڵات و هەموو یەك دەنگ ڕەزامەندی خۆیان دەردەبڕن و پاشان کەسە دیارەکان قسە دەکەن و دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی فەرەیدوون، دوای هەمووان کاوە دووبارە قەسە دەکاتەوە و دەڵێت و سوپاستان دەکەم، بەڵام من ناتوانم ئەو ئەرکە هەڵبگرم و هەر کەسەی بۆ شوێنی شیاوی خۆی باشە، من حەزدەکەم لەسەر کاری خۆم بەردەوامبم و بەرەنجی شان و ئارەقەی نێوچەوانم بژێوی ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵەکانم دابینبکەم، باشترین و شیاوترین کەس بۆ ئەو شوێنە (فەرەیدن)ە، هەمووان هاواردەکەن (فەرەیدون) ئیدی فەرەیدوون دەکەن بە پاشا لە شوێنی دەئاك و ئەو ڕۆژەش دەکەن بە جەژن و ناوی دەنێن جەژنی نەورۆز.

2 – 2 فۆرم و رووخساری دەقەکان:

فۆرم بریتییە لە شێوەی دەرەوەی دەقەکە. واتە روخساری دەقە ئەدەبییەکە، کە نووسەر بەچ شێوەیەك ئەو دەقەی دارشتووە و پشتی بەچی بەستووە، واتە ئەو قالبەیە، یان ئەو وشە و ڕستە ڕێکانەیە، کە سۆز و ئەندێشە و بیری نووسەرەکە یان گێرەرەوەکەی تێدا دادەڕژێت. هەموو دەقێکی ئەدەبی لەرووی شێوە و فۆرمەوە بە دوو جۆر یان ڕێگا ڕێکدەخرێن و دەنووسرێنەوە، کە (شیعر و پەخشان)ە، شیعر بریتییە لە وتەیەکی خاوەن کێش و سەروادار، کە گوزارشت لە واتای شتێك دەکات، کە شاعر مەبەستییەتی بەشێوەیەکی هونەریی و جوان دەربیبرێت و، جیاوازبێت لە قسەی ئاسایی، هەروەها بریتییە لە وتەیەکی خاوەن رەوانبێژییەکی جوان و واتایەکی قووڵ و، بەشێووەیەکی کورت و پوخت دەخرێتەڕوو، هەروەها وتەیەکی هونەریی سیحراوییە، کە کار دەکاتە سەر هەست و هزری مرۆڤ. بەڵام پەخشان بە قسەیەک دەگوترێ کە پابەندی کێش و سەروا و تایبەتمەندییەکانی شیعر نەبێت. بە پێچەوانەی شیعر، پەخشان لە قسەی ڕۆژانەی خەڵکەوە نزیکترە . پەخشان زۆرتر بۆ دەربڕینی ڕووداو و لێکدانەوەی بیر و بۆچوونەکان بەکاردێت . لە ڕاگەیاندن، فیلم، فەلسەفە، شانۆ، مێژوو، ژیاننامە، نامەنووسین و وتارەکاندا زۆرتر لە پەخشان کەڵک وەردەگیرێت.

ئەدەب بەچەند شێوەیەك دابەشدەکرێت بۆنموونە، بەپێی ناوەرۆك و ڕێبازی ئەدەبیی و رووخسار و...تاد، جا یەکێك لە دیارترین ئەو جۆرانەی کە بۆ دابەشکردنی ئەدەب پشتی پێدەبەسترێت بریتییە لە روخساری دەرەوە، واتە فۆرمی دەقەکە، کە ئەویش پەخشان و شیعر دەگرێتەوە، هەر لە کۆنەوە تا ئێستا دەقەکان بەو دوو شێوازە نووسراونەتەوە، بەڵام لە سەرەتادا زیاتر بابەتەکان بە شیعر دەنووسران، تا وردە وردە پەخشان گرنگی پەیداکرد و زیاتر نووسەران ڕوویان تێکرد و بابەتە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی و زانستییەکانیان پێ دەنووسییەوە، ژانری داستان هەر لە سەرەتای سەر هەڵدانییەوە، کە بەشێوەی گێڕانەوەی زارەکیی بووە بە شیعر خراوەتەڕوو، پاشان داستانی ئەدەبیش هەر بە شیعر نووسراونەتەوە و زیاتر پشتیان بەو شیوازە بەستووە، هەرچەندە لە هەندێ داستاندا بە تێکەڵی بەشێوەی شیعر و پەخشان ڕووداوەکانیان خستۆتەڕوو، واتە بە شیعر بووە، بەڵام لە کوێ بە پێویستیان زانیبێت کردوویانە بە پەخشان. هەموو داستانە کۆنەکانی نەتەوە جیاوازەکان بە شیعر گێڕدراونەتەوە و نووسراون، لەنێویشیاندا داستانە مەزنەکەی (شانامە)ی (فیردەوسی) کە هەموو باس و خواس و ڕووداوەکانی لەسەرەتاوە تا کۆتایی بە شیعر نووسیوەتەوە، لەنێوشیدا کە داستان و سەربردەی حوکمڕانی (ئەژدەهاك) بە هامان شێوە بە شیعر نووسراوەتەوە٥

" سوارەی ئێران هەر لە پیر و جوان
لە بۆ ئەژدەهاك سەریان دانەواند
گشت بۆ شایی ئەو ئافەرینیان کرد
زێڕ و گەوهەر و خەڵاتیان بۆ برد
تاجی نا سەری بە شایی و خۆشی
ماوەیێك بۆ خەڵك بە دڵ تێکۆشی" (فیردەوسی، 1384، 513)

ژانری شانۆش لەو کاتەی کە سەریهەڵداوە، کە مەڵبەندەکەی بۆ وڵاتی گریك دەگەڕێتەوە، بەهەمان شێوە بە شیعر نووسراوە، هەموو دەقەکانی نووسەرە مەزنەکانی تراژیدیا (ئەسخلیۆس، سۆفۆکلیسو یۆرپیدس) بە شیعر نووسراونەتەوە هەروەها دەقە کۆمێدییەکانی (ئەرستۆڤانس)یش هەر بە

شیعر نووسراونەتەوە، دوای ئەوە ئەو ڕێچکەیە بەردەوامی هەبووە و ڕۆمانییەکانیش پەیڕەویان کردووە، پاشان بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئەوروپا گواستراوەتەوە و بەردەوامی هەبووە، بەڵام دوای سەدەکانی هەستانەوەی ئەدەبی و ڕۆشنگەریی گۆڕانکاری تێداکراوە و دەقەکان لەبری بە شیعر بنووسرێن بە پەخشان نووسراونەتەوە، چونکە بەخشان بە ئامرازێکی باشتر و گونجاوتر زانراوە بۆ ئەوەی نووسەر پەیام و مەبەستی خۆی لە ڕێگەیەوە بخاتەڕوو " چونکە شیعر زمانی گشت شانۆگەرییەکان بووە و تەنیا ئامرازی دەربڕینی ئەدەبی بووە" (عەوڵڵا، 2011، 34) .

دوای ئەوەی نەتەوەی کوردیش بە ژانری شانۆ ئاشنادەبێت و نمایشەکان پێش دەقە نووسراوەکان دەکەون، لەبەرئەوەی دەقە پێشکەشکراوەکانی ئەو نمایشانە نە پارێزراون و لەبەردەستدا نین بۆیە ناتوانرێت قسەییان لەسەر بکرێت، بەڵام دەقی نووسراوی شانۆی کوردی لەسەر دەستی (عەبدلڕەحیم ڕەحمی هەکاری) سەریهەڵداوە و یەکەم دەقی نووسراوی شانۆی کوردی لە ساڵی 1919 لەلایەن ئەو نووسەرە بەناوی (مەمی ئالان) نووسراوە، ئەو دەقە شانۆییەش بە شێوەی پەخشان نووسراوە، واتە سەرهەڵدانی دەقی شانۆی کوردی پێچەوانەی شانۆی گریك و ڕۆمان و نەتەوەکانی ئەوروپا کە بە شیعر بووە، بەڵام ئەو بە پەخشان دەستی پێکردووە، دوای ئەوە لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیران و مامۆستایانی قوتابخانەکان چەندین دەقی دیکەی شانۆیی بە شێوەی پەخشان نووسراون. بەم شێوەیە شێوازی نووسینی دەقە شانۆییەکان بە پەخشان بووە نەك شیعر، هەرچەندە هەندێ دەقیش بەشێوەی شیعر بەرچاو دەکەون، کە زیاتر ئەو نووسەرانەی دەقە شانۆییەکان شاعیر بوونە وەکو (پیرە مێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح، گۆران، شێخ سەلام، زەکی هەناری، شێرکۆ بێکەس)، نکوڵی لێناکرێت، کە نووسینی دەقی شانۆیی بە شێوەی شیعر زۆر زەحمەترە لە نووسینی شانۆیی بەشێوەی پەخشان، چونکە دەبێت نووسەر پابەندی چەندین کۆت و بەند و بنەما بێت، کە دەبنە بنەمای هەر دەقێکی شیعری، وەکو کێش و سەروا و ڕەوانبێژی و کورتبڕی، بەڵام لە پەخشاندا ئەو بنەمایانە نین و نووسەر ئازاد و دەستکراوەترە، کەچی نووسەرەکەی (دوارۆژی دەئاکی زۆردار) دەقەکەی بە شیعر نووسیوە نەك پەخشان، هەرچەندە لەو کات و سەردەمەی ئەودا دەقە کوردییەکان زۆربەی زۆریان بە پەخشان بووە. ئەوەش بۆ کاریگەر بوونی نووسەر دەگەڕێتەوە بە دەقەکەی نێو (شانامە)ی (فیردەوسی)، چونکە (هەناری) زۆر بە وردی دەقی (شانامە)ی خوێندۆتەوە و، زۆر کاری لێکردووە، هەر بۆیە کاتێ دێت دەقێك لەسەر ئەو ڕووداو و مێژووە دەنووسێت، بەهەمان فۆرمی (شانامە) پشت بە شیعر دەبەستێت و بەشێوەیەکی زۆر جوان ڕووداوەکانی نێو دەقەکە ڕێکدەخات و پەیڕەوی لە هەموو بنەماکانی شیعر دەکات و بەباتەکەی پێ دەخاتەڕوو.

" دەئاکم پاشای زۆردار و بەتین

خاوەن چەك، بەرزە، سەربازی بەبێن

هەزار سوارم هەیە پاڵەوان

لە جەنگ ڕەوانن نایان وێ ڕەوان

ئێزەدار چل سەد، تیرەنداز بە، لەك

چەکم بێ ئەژمار ، ئەسپم هەن گەلەك" (هەناری، 1960، 19)

هەردوو بەرهەمەکە وەکو بابەت و جۆری ئەدەبی، کە لەوبارە و بەو شێوازە نووسرابێت، بە نۆبەرە لەنێو نەتەوەکەی خۆیان دادەنرێن، بەرهەمەکەی (فیردەوسی) بۆ نەتەوەی فارس و دەوروبەریش نۆبەرەیە، بەرهەمی (دوارۆژی دەئاکی زۆردار)ی مامۆستا (زەکی هەناری)ش، کەوەك شانۆی نووسراو شانۆی شیعری لەبارەی نەورۆز و (کاوە و دەهاك) نووسرابێت، کە شارەزایانی بواری شانۆ بە نۆبەرە بەرهەمی شانۆیی لە کوردستانی خوارووا دادەنێن. کە ئەمەش دەتوانرێت بە ڕووێکی لێکچوونی ئەو دوو بەرهەمە ئەدەبییە دابنرێن.

3 – 2 گرێ

گرێ لە شانۆ و کارە درامییەکانی دیکەدا بریتییە لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە بابەتی ڕووداوەکانی شانۆ و نواندنی لەسەر هەڵدەچنرێت، هەروەها گرێ خاوەنی بنەمای تایبەت بەخۆیەتی، ئەو بنەمایانەش لە بنەڕەتدا پشت بە ململانێ دەبەستن، کە دەکرێت بەڵێین هیچ گرێیەك بەبێ ململانێ نابێت.

گرێ بریتییە لە زاراوەیێکی ئەدەبیی، کە مەبەس لێی رێڕەو و زنجیرەیی رووداوەکانی چیرۆکی بابەتە درامییەکانە، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندی گرێی رووداوەکان لەگەڵ یەکدیدا، ئەمەش بۆ ئەوەیە کەسۆز و لایەنی هونەریی لەلای خوێنەر و بینەر بوروژێنێت. هەروەها گرێ وێنایەکی گشتی لەبارەی چۆنێتی پێشکەشکردنی رووداوی بابەتەکە بۆ وەرگر بە نووسەرەکە دەبەخشێت، چۆنێتی زنجیرەبوون و بەدوایەکداهاتنی رووداوەکان. سەرەتای ململانێی چیرۆکەکە بە سەرەتای گرێیەکە دادەنرێت. رووداوی دەسپێك بریتییە لە قۆناغی سەرەتای دەسپێکردنی ململانێکانی بابەتەکە، دوای پێشەکی و ناساندنی کەسێتییەکان، کۆتایی ململانێکەش بریتییە لە کۆتایی گرێیەکە. بنیاتی گرێ وەکو هەردولا بەرامبەر یەکەکەی هەرەمێك وایە ، کاتێ کە پێشەکیی لە یەکێك لە لایەکانی هەرەمەکە دەسپێدەکات. هەروەها رووداوی دەسپێکیش بریتییە لە خاڵی سەرکەوتن، رووداوەکان لە نیوەی رێگادا ئاڵۆزدەبن تا دەگەن بە کێشە و بەیەکداپژان لە ترۆپکی هەرەمەکەدا کە بریتییە لە خاڵی گۆڕانکاریی و دابەزین و نیشتنەوە بە لایەکەی دیکەی بەرامبەری لە هەرەمەکەدا، ئەمەش لە شانۆییەکانی پێکهاتوو لە یەك وەرز یان سێ وەرز یان زیاتر پێکهاتوون.

گرێی داستانی ئەژدەهاك لە داستانی شانامەدا دوای خستنەڕووی پێشەکی و ناساندنی کەسێتییەکان راستەوخۆ دەخرێتەڕوو و بەدیاردەکەوێت، ئەویش دوای ئەوەی چێشتلێنەرەکە (ئەهریمەن) شانەکانی ئەژدەهاك ماچدەکات و دوومارى رەش لەسەر شانەکانی دەڕوێن کێشە بۆ پاشا و دەستوپێوەندەکانی پەیدادەبێت.

" پزیشکان هەموو کەوتنە راوێژ

وەك بەرخ و کارێ کە بکەن کاوێژ

هەر چێکیان کرد و یەك یەك هەوڵیان دا

چارەیان نەکرد بە یەك قەولیان دا" (فیردەوسی، 1384، 517)

دوای ئەوە گرێ زیاتر پەرەدەسێنێت و ئاڵۆزدەبێت، کاتێ کە چارەسەرەکە دەبێتە مێشکی لاوان و هەموو رۆژێك دوو لاو سەردەبڕدرێن و مێشکیان دەرخواردی مارەکان دەدرێت.

" بەم جۆرە هەر رۆ دوو لاویان ئەکوشت

خوێنی ئەوانیان هەروەها ئەڕشت

مێشکیان دەرئەکرد بۆ داوو دەرمان

گەلێ لە لاوان لە دەشت و دەرمان" (فیردەوسی، 1384، 518)

بەمشێوەیە ململانێ و گرێیەکە دەگاتە چڵەپۆپە، پاشان بە ڕاپەڕین و لەناوبردنی ئەژدەهاك و دەسەڵات و حوکمڕانییەکەی کۆتایی پێدێت و گەڵ دەسەڵات و حوکم دەگرێتە دەست

" لەپڕ شاڵاوی بردە سەر دوژمن

دوژمنی خستە ناو بیرێ بێ بن

هەمووی تێکشکان هەر بە دەست و برد

سپای دوژمنی بە جارێ کرد ورد"(فیردەوسی، 1384، 566)

لە دەقی شانۆیی دوارۆژی دەئاکی زۆرداریش گرێی سەرەکی دوای ئەوەی ئاشپەزەکە شانەکانی پاشا ماچدەکات و مارەکان لەسەر شانی دەڕوێن سەرهەڵدەدات، بەچاکی هەستی پێدەکرێت.

" پێ تول: گەوران زانایان لێونەبێ پەنهان

شا توشی شتێکە تیری ناگەهان

تەن دروس هۆش باش نیە بیماری

بێ شکست، بێ زام بکرێ تیماری

هەر هاوار ئەکا و ئەڕوا و ئەگەوزی

کوێ ئەکری لەشی وەك بی ئەلەرزی" (هەناری، 1960، 40)

هەرچەندە دەرکەوتنی گرێ لێرەدا تۆزێك درەنگ دەکەوێت، بەڵام هەر لە سەرەتا هەست بەگرێی سەرەتایی دەکرێت، ئەویش دوای ئەوەی شالیار ئازاد وتەکانی پێچەوانەی خواستی دەئاك و وەزیرەکانی دیکە دەبێت و، بڕیاردەدەن کە بیسوتێنن، لێرەدا هەس بە گرێ و بەرەی دژ و ململانێی دەکرێت و دەزانرێت، کە ڕووداوەکان ئاڵۆزدەبن و بەرەو هەڵکشان ملدەنێن.

"شا دەئاك: بڕیاری مویید لام پەسندە و باش

سوتان بۆ بەهار با بخەیینە پاش

لێم خست لە کاری بیبەن بۆ زیندان

بە کۆتو زنجیر بکەن بەندی گران"(هەناری، 1960، 27، 28)

بەهەمان شێوە بە پەیدابوون و هاتنە نێوەوەی پزیشکە گەڕۆکەکە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ مارەکانی سەر شانی دەئاك، کە ڕۆژانە مێشکی دوولاوە، گرێیەکە بەرە و لوتکە هەڵدەکشێت و دەگاتە ترۆپك.

" پزیشك: خۆراکیان مێشکە مێشکی سەری مرۆ

چێشت و ئێوارە و کاتی نیوەرۆ

مێشك و دەرمانی کە دام بە کێشان

چوار لە یەك بکوڵی تا دێنە پیشان

پاش سارد بوونەوەی کوت کوت وەك کەلا

خڕکەن بیخەنە زاریان لا بە لا" (هەناری، 1960، 45)

پاشان بەراپەڕین و کاوە و جەماوەر و شۆڕشگێران و روخاندن و کوشتنی دەئاك و کۆتایهێنان بەدەسەڵات و ستەمەکەی گرێیەکە بەرەو کۆتایی و چارەسەر دەچێت و رۆژی نوێ و لە کەل هەڵدێت و گەل سەردەکەوێت

" فەرەیدون: سوپاس بۆ خاکو رۆژ و با و ئاور

خوای رسکێنەرمان لەمەیدا ئاوڕ

رزگاربووین لە دەست زۆرداری بەبر

ئەیدا بۆ سەر و سامانی گەل پڕ " (هەناری، 1960، 102)

لە شانامە رووداوەکان بنیاتی رووداوەکان بەپێی ریزبەندی روودانی مێژوویان ڕێزکراون، واتە هیچ پێشخستن و دواخستنێکی تێدانییە، لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەو شێوەیە بەڕێوەدەچن. لە شانۆیی (دوارۆژی دەئاکی زۆردار)یش بەهەمان شێوە بنیاتی رووداوەکان بەپێی زەمەنی روودانیان ریزکراون، واتە ئەوە رویدا ، دواتر ئەوەی دیکە روویدا، هەر بۆیەش ئەوەی دواتر روویدا بەمشێوەیە رێزکراون و پێشخستن و دواخستنی تێدانییە لەسەرەتاوە تا کۆتایی.

کەواتە گرێی هەردوو دەقەکە و بنیاتیان هاوشێوەی یەکن و لەیەکچوونێکی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە و بەیەك شێوە و ستایل لەرووی هەموو رووەکانەوە رێکخراون.

4 – 2 کەسێتییەکان

کەسێتیی ئەو هێزەیە کە دەتوانێت گوڕوتین و جوڵە ببەخشێت بە دەقە ئەدەبییەکان و بەرەوپێشەوە بیانجوڵێنێت، هەروەها کەسێتی یەکێکە لە توخمە گرنگەکان بەدەست نووسەرەوە، بۆ ئەوەی پەیامی خۆی لەرێگەی ئەوەوە بگوازێتەوە بۆ وەرگرەکانی و وەکو ئامرازێك دەیکات بە زمانحاڵی خۆی و لەبری ئەو قسە دەکات و چی لەناخ و بیریدایە بۆ وەرگرەکانی دەیخاتەڕوو. دەقە ئەفسانەیی و داستانییەکانیش لەرێی ئەو پاڵەوان و کارەکتەرە ئەفسووناوی و سەروسروشت و نیمچەواقیعی و واقیعییەکان دۆخی ئەو سەردەمر و رووداوە مەبەستدارەکانمان بۆ دەگێڕنەوە، لەمیانەی ئەفسانە و داستانەکاندا کۆمەڵێك پاڵەوانی خاوەن هێز و توانای سەرو سروشتمان پێدەناسێنێت، کە چەندین کار و ئەرکی قورس هەندێ جار ئەستەمیان ئەنجامداوە، لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجێکی رەوای سەرووی توانای هێزی مرۆڤەوە، یاخود سەرکردایەتیکردنی هۆز و کۆمەڵ و نەتەوەکەیان بۆ وێستگەیەکی لە خەمەخسیو. .(حرب، 1999، 101) هەروەها داستانەکان گرنگی تایبەتیان لەنێو ئەدەبی نەتەوەیی و گشتیی و مرۆڤایەتیدا هەیە، چونکە داستانەکان پشت بە راستییە مێژووییەکان دەبەستن، ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە داستانەکان گوستنەوەیەکی دەقاودەقی مێژوویی بن، بەڵکو زیادکردن و لێبڕینیان تێداکراوە و لەگەڵ سروشتی کارە ئەدەبییەکاندا گونجێنراون بەبێ ئەوەی لە هێڵی سەرەکی رووداوەکە لابدات و راستییە مێژووییەکان بشێوێندرێن. .(حرب، 1999، 191)

دەقیی شانۆیش وەك بەشێك لە دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە کەسێتی دەبەستێت و لەرێی کەسیتییەکانییەوە پەیامی نووسەر و دەرهێنەر بۆ بینەران و خوێنەران دەگوازێتەوە، کەسێتی لە دەقی شانۆییدا وەکو پردێك وایە بۆ بەستنەوە و گواستنەوەی گوزارشت و بیر و داهێنانی نووسەر بۆ دەرهێنەرو لە دەرهێنەریشەوە بۆ بینەران، هیچ شانۆییەك ناتوانرێت بەبێ بوونی کەسێتی بابەتەکانی خۆی پێشکەشبکات و بەردەوامی بەخۆی بدات، شانۆیی لە چەندین توخم و تەکنیك پێکهاتووە، کە دەکرێ بەپێی دۆخ و کات و شوێنی تایبەت و رێباز و ئاراستەی ئەدەبی و هونەریی دەسبەردار یەکێك یان چەند یەکێك لەو توخم و تەکنیکانە ببین، کە ناچاری وامان لێبکات نەتوانی جێبەجێی بکەین، بەڵام شانۆ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ دەستبەرداری توخمەکانی (کەسێتی و بینەر) ببێت، چونکە هەموو دەقێك و نمایشێك لەپێناو بینەر نمایش دەکرێت، هەروەها بەهۆی کسێتییەکانەوە بابەت و نمایش پێشکەش دەکرێ. هەروها ئەوەی کە ژانری شانۆ لە ژانرەکانی دیکە جیادەکاتە دیالۆگە، دیالۆگیش لەرێی کەسێتییەکانەوە دەگوترێت و دەخرێنەڕوو، کە دەکرێت دەسبەرداری دیالۆگیش بین، بەهۆی جوولە و ئاماژە لەبری وتە و قسە گوزارشت بکەین و شوێنی دیالۆگ

پڕبکەینەوە، واتە بەزمانی جەستە، بەڵام ئەو زمانی جەستەیەش هەر لەڕێی کەسێتییەکانەوە ئەنجامدەدرێت، هەموو ئەمانەش گرنگی کەسێتیمان لەنێو دەقی شانۆدا بۆ بەدیاردەخەن.

لەنێو هەردوو دەقەکەی ئێمەشدا کەسێتییەکان گرنگی زۆریان هەیە و، نووسەرەکان بایەخی زۆریان پێداون، هەر بەهۆی گرنگی کەسێتییەکان و کاریگەری نووسەرێکمان لەسەر نووسەرەکەی دیکە و کاریگەربوونی بە کارە ئەدەبییەکە، دەبینین زۆر لە کەسێتییەکانی بەهەمان فۆرم و ناوەرك و پەیام و خەسڵەتەوە لەنێو دەقەکەی خۆیدا داڕشتوونەتەوەو بنیاتیناون، هەر لە کەسێتییە سەرەکی و پاڵەوانەکان بۆ ناوەندی و لاوەکییەکان. بۆنموونە :

کەسێتی (ئەژدەها): لەهەردوو دەقەکەدا هەمان خەسڵەتی زۆرداریی و خۆپەرستی و بێبەزەیی و وڵات وێرانکەر و هاوڵاتی سەربڕی هەیە، لەرووی دەروونیی و نەخۆشی جەستەییش هەمان شتن و ناوەکانیشیان هەر بەهەمان شێوەیە و نەگۆڕدراون. لە هەردوو دەقەکەدا کەسێتییەکە لە سەردەمی منداڵیدا لاسار و چەقاوەسوو بووە و، باوکی خۆی کوشتووە و شوێنی گرتۆتەوەو دەستی بەسەر کورسی حوکمڕانیدا داگرتووە.

" پاشان ئەژدیهاك باوکی خێرا کوشت

بە فەرمان ئەهری خوێنی ئەوی رشت

لە پاشا هەتاو کە لە کێو هەڵات

نیشتە سەر تەخت و بووە شای وڵات" (فیردەوسی، 1384، 515)

هەروەها زەکی هەناریش بەم شێوەیە لەژێر کاریگەریی و بەکارتێکردنی شانامە باسی کردووە

" فەرهاد: باوکێکی باشی هەبو ناو مرداس

لە بەد کرداری کوڕەی بو هەراس

رۆژێك بانگی کرد پێی گۆ بەناچار

کاری بەدمەکە، مەگرە رێگای خوار

لەجیاتی چاکەی، کوڕەی بەدکاری

کوشتی و لاشەکەی هەڵواسی لە شار" (هەناری، 1960، 61)

کەسێتی کاوە: کەسێتیی کاوەش لە هەردوو دەقەکە وەکو پاڵەوان و کەسێتی سەرەکیی نێو دەقەکەیە، وەکو جەمسەری دووەم و دژە پاڵەوانە و، پیشەی ئاسنگەرە و بە ئارەقەی نێوچەوان و هێزی بازووی خۆی دەژێیت و خاوەنی (18) کوڕ بووە و (17) کوڕیان کوژراون و کراونەتە خۆراکی مارەکانی سەرشانی (ئەژدەهاك)، کوڕی (18) هەمیشی دەگیرێت و دەیانەوێت مێشکی ئەویش بکەنە خۆراکی مارەکان، بەڵام ئەو لێرەدا دەتەقێتەوە و دەڵێت بەسە ئیتر زوڵم و زۆرداری، کەسێکی شۆڕشگێر و چاونەترسە، رابەرایەتی شۆڕش و سەرهەڵدان دەکات و خەڵکی دژی دەسەڵاتی ئەژدەهاك هاندەدات، بۆ ئەوەی ئیتر ئەو زوڵمە قبوڵنەکەن، کاوە بەدەستی خۆی ئەژدەهاك دەسگیردەکات و لە شانامە دووری دەخاتەوە بۆ کێوی دەماوەند و دەیخەنە نێو چاڵێك بۆ ئەوەی بە زەلیلی و ئازارەوە بمرێت، بەڵام لە دەقەکەی هەناری بە چەکوشی کارکردنەکەی مێشکی دەپژێنێت و لەنێو کۆشکەکەی دەیکوژێت، لە هەردووکیان کاوە بەروانکە و چرمی کارکردنەکەی دەکات بە ئاڵای شۆڕش و راپەڕین و پێشدەکەوێت و بەسەر نووکی رمێکدا بەرزی دەکاتەوە.

" کەوڵەکەی کردە سەر رمێ درێژ

کردیە ئاڵا بۆ یارانی مێژ

کاوە چووە ناو ئاسنگەرەکان

ئاڵا جوانەکەی خۆی رائەشەکان

وتی خەڵکینە راپەڕن هەستن

هانایە هەرگیز هیچ رامەوەستن" (فیردەوسی، 1384، 529)

زەکی هەناریش بەم شێوەیە وەسفی هەڵوێست و کاتی راپەڕینی کاوە دەکات و وێنای کردووە.

" کاوە: بە کورەی گەرمو ئاسنی سورکراو

ئەڕمێنم کۆشکی زۆرداری گڵاو

ئەسێنم تۆڵەی کوژراو، جەرگ سوتاو

گەل ئازاد ئەکەم لە تیر و لە داو

برینی دڵان گشت ئەکەم سارێژ

دوژمنی خوێنی گەل ئەکەم درێژ

بۆ ئەم ئامانجە کەولی کاری پاك

ئەڕازێنمەوە بەسێ رەنگی چاك" (هەناری، 1960، 88)

کەسێتی فەرەیدون: لە هەردوو دەقەکەدا فەرەیدوون کەسێکی شۆڕشگێر و تێکۆشەرە و لەبەرەی گەل دایە و خەڵکی هەموویان خۆشیان دەوێت، فەرەیدون بەنهێنی لە شوێنێکی نادیاری دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی ئەژدەهاك سەرکردایەتی خەڵکی نارازی و بەرەی شۆڕش دەکات و خەڵکی کۆدەکاتەوە و ئامادەیان دەکات بۆ رۆژی شۆڕش، بە کەسێکی شۆڕشگێڕ و دادپەروەر ناسراوە و خەڵکی بەگشتی خۆشیان دەوێت، کاوەی خۆشدەوێت و پێشنیاردەکات، کە کاوە ببێت بە سەرۆك و رابەریان، هەمووان قسەی فەرەیدوون پەسند دەکەن، بەڵام کاوە رەتی دەکاتەوە نایەوێت ببێت بە سەرۆك و دەیەوێت وەکو جاری جاران لە دوکانەکەی خۆی بەرەنجی شان و بازووی خۆی بژیێت و دەڵێت کەسی شیا و بۆ شوێنی شیاو، باشترین کەس بۆ ئەو شوێنە و سەرکردایەتییە فەرەیدونە، خەڵکیش قسەکانی کاوە پەسند دەکەن و فەرەیدون دەبێتە پاشای وڵات و شوێنگرەوەی ئەژدەهاك.

" کاوە: واستەم نەما گشت شاد بن

هەتاکوو ماون با هەر ئازاد بن

کاوەیان کردە سەرۆکی خۆیان

چونکە زانیان رەنجی دا بۆیان

شەویان کردە رۆژ خەم بوو بە شادی

شەوی دیلیان بوو بە ئازادی

هەر بە یارمەتی کاوەی پاڵەوان

فەرەیدون بۆ گەل بووە پاسەوان" (فیردەوسی، 1384، 535، 536)

جگە لە هەندێ لایەنی وردەکاری و تەکنیك کە دەقی شانۆ و داستان دەیخوازن بە هۆی خەسڵەتی هەریەکەیان ئەگینا جیاوازییەکە لەوەدا نابینین، کە فەرەیدوون بەلای هەردووکیانەوە بە هەوڵ تەقەلای کاوە و هەڵوێست و کار و کرداوە و شۆڕشگێڕییەکی دەبێتە سەرۆك کۆماری دەسەڵاتی دوای ئەژدەهاك و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ماوەی حوکمی خۆی بەسەردەبات.

"فەرەیدوون:... بۆ ئەم ئامانجە و پاداشی کاوە

کاوە ببتە شا بڕیارم داوە

لەم بڕیارەی من هەر کەس بەسەربەست

باووری دەرخا و چۆن پێی ئەکا هەست" (هەناری، 1960، 103)

بۆیە یەکە یەکە رای خۆیان دەردەبڕن و کە هەموویان بەکەسێکی شیاو باشی دەزانن و بڕیارەکەی بە پەسند و لە شوێنی خۆی دەزانن، کاوەبێدەنگ دەبێت تا هەمووان لێ دەبنەوە، دوای هەمووان ئەویش قسەی خۆی دەکات و پێشنیارەکەیان رەتدەکاتەوە، چونکە خۆی بەشیاوی ئەو ئەرکە قورسە نازانێت و ناتوانێت ئەو ئەرکە هەڵبگرێت، دوای سوپاسکردنیان دەڵێت:

" کاوە:..لەنێو گەل نەبوە کەس وەك فەرەیدون

ساڵەها جەنگ کا بەبێ چەند و چون

کەس نیە لە شار و لە دێ و ناوچیا

نەلێن ئازایی ئەو جیا جیا

ئەو سەر کۆماریەی پێتان دابوم باش

سوپاس وا بەخشیم بۆ ئەو بێ پاداش

دڵ پاك، ئازایە ، چاو تێر و مردە

نەژاد خاوێنە بەڕاستی کوردە" ( هەناری، 1960، 109)

کەسێتییەکانی گەرمایل و ئەرمایل: لەنێو هەردوو دەقەکەدا ئەو دوو کەسێتییە دوو کاربەدەست و یاریدەدەری ئەژدەهاکن، لە (شانامە)دا کاریان سەربڕینی لاوەکان و سەرپەرشتیکردنی ئامادەکردنی خۆراکی مارەکانە، بەڵام لە (دوارۆژی دەئاکی زۆردار) وەکو وەزیر و گەورە کاربەدەستی کۆشکن، بەڵام لە هەردوو دەقەکەدا کاسانێکی باش و دژی زوڵم ستەمن و لەبەرەی خەڵکیدان، بەڵام ناوێرن خۆیان ئاشکرا بکەن و لەگەڵ ئەژدەهاک بەردەوامدەبن لە کارکردن، بەڵام مانەوەیان لەو شوێنە هەستیارە خێرداره و لە بەرژەوەندی خەڵکیدایە، چونکە هەموو لەبری ئەوەی دوو کەس سەربڕن یەك کەس سەردەبڕن و یەکێکیان ئازاد دەکەن و دوای لێدەکەن خۆی بشارێتەوە و بچێتە بەرەی شۆڕشگێڕان و بەرەی دژی ئەژدەهاك لەبری ئەویش مەڕێك سەردەبڕن و مێشکی تێکەڵی لاوەکە دەکەن و دەیدەن بە مارەکان.

"سەرنجیان ئەدا بە یەکتر هەر دوو

ئەکەوتنە بیری ژینی رابردوو

خۆ چاریان نەبوو دەستیان دایە کار

یەك لەو دوانەیان ئەکوشت بەناچار

مێشکی مەڕێکیان دەرئەکرد بە رەنج

تا ئاوێتەی کەن لەگەڵ مێشکی گەنج

ئەو لاوەی تریان ئەنارده سەر کێو

تاکوو بەبێ ترس بژی بە بێ خێو" (فیردەوسی، 1384، 521، 522)

هەروەکو گوتمان لە لای هەناری وەکو سەربڕ پیشانەدراون، بەڵام بەئاشکرا دژایەتی خۆیان پیشاندەدەن بۆ کارە دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی و زوڵمکردن لێیان، هەوڵدەدەن ئەژدەهاك بهێننەوە سەر هێڵی راست و بەقسەی وەزیرە خراب و مەراییکەرەکان نەکات، چونکە ئەوان بە لاڕێیدا دەبەن و بەرەو هەڵدێری دەبەن و لە ئەنجامدا خەلکی و خودی خۆشی سەریان تێدادەچێت و وڵاتیش وێران دەبێت، بۆیە ئەوان دەیانەوێت لەناو دەسەڵات هەوڵی چاکە خوازی بدەن.

" شالیار گەرمایل: شا بەدڵ سۆزی و داد و کاری چاك

خۆی دەرخا بۆ گەل بە باوڕێکی پا

رەوان ئەکەن بەخت بۆ گیان پارێزی

لەناو گشت دلان بەرز ئەبێ رێزی

" شالیار ئەرمایل: هەر کەس لە رەنجی بەش و توشی خۆی

پیاو نەترسێ لە پیاوی بەگۆ

پێرەو گەورەیی بەچاو دێری شا

پێش بخرێ هەر کێ بۆ راست تێ کۆشا" (هەناری، 1960، 73، 74)

کەسێتییەکانی شهرناز و ئەرنەواز: دووکچی شا جەمشیدن و دوای دۆڕانی باوکیان لە شەڕ لەگەڵ ئەژدەهاك بە یەخسیری دەکەونە دەستی سەربازانی ئەژدەهاك و وەکو دەستکەوتی جەنگ بەدیاری بۆ ئەژدەهاکیان دەهێنن، کە زۆر جوان و بێ وێنەن، بۆیە ئەژدەهاك زۆر دڵی بەو دیاریانە خۆش دەبێت و هەردوکیان دەکات بەژنی خۆی، کچەکان زۆر ئازایانە بەرەنگاری ئەژدەهاك دەبنەوە و لەنێو کۆڕی مەجلیس قسەی پێدەڵین، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و ئەژدەهاك دەستیان بەسەردا دەگرێت.

" سەرتیپ برزو: بەڵێ گیراون دوو کچی وەك پەری

پێم گوترا ئەبێ بۆ شایان بەری

لەدەر وەستاون قەدیان وەك سەروە

ئەلەرزن وەك بی کە لێیدا سروە" (هەناری، 1960، 51)

کەسێتی ئاشپەز (چێشتلێنەر): کەسێتی ئاشپەز یان چێشتلێنەر لە هەردوو دەقەکەدا کەسێکی لێهاتوو و دەستڕەنگین و بێوێنەیە، کەس لە ئامادەکردنی خواردن شان لە شانی نادات و بێ رکابەرە، لای فیردەوسی ئەهریمەنە و ئەو رۆڵە دەگێڕێت و خۆی هێناوەتە سەر وێنەی مرۆڤ، بەڵام لای هەناری بەشێوەیەکی ئاشکرا ناڵێت ئەهریمەن، بەڵام بۆ هەمووان روونە کە ئەوە مرۆڤێکی ئاسایی نییە و لە کردەوەکانی دواتریدا دیاردەکەوێت هەمان ئەهریمەنەکەی فیردەوسییە و هەمان ئەرك دەبینێت، ئەو کەسە دەبێتە جێی سەرنج و تێڕامان رەزامەنی ئەژدەهاك و دەیەوێت سوپاس و رێزی لێبنێت لە پاداشتی خواردنە خۆشەکانی، لە هەردوو دەقەکە هەمان ئەرك دەبینێت، ئەو کەسە دەبێتە جێی سەرنج و تێڕامان رەزامەنی ئەژدەهاك و دەیەوێت سوپاس و رێزی لێبنێت لە پاداشتی خواردنە خۆشەکانی، لە هەردوو دەقەکە پاداشت رەتدەکاتەوە و دەیەوێت لەبری ئەوە شانەکانی ماچ بکات، دیارە پاشا هیچ لاریی بووێکی نییە کە شانەکانی ماچ بکات، بەڵام بەماچکردنەکە رووبەرووی ئەو کارەساتە گەورەیە بوو، کە دوایە سەری لەپێناو دانا، هەر دوای ئەو کردەوەیەی خۆی وندەکات و لەکۆشك نامێنێت. کەواتە ئەو کەسێتییە لەهەردوو دەقەکەدا هەمان کەسێتییە و جیاوازی نییە.

" ئەژدیهاك: وتی دەستت خۆش بێ

نەیارت یاخوا لە ژین پەرۆش بێ

هەرچیکت ئەوێ بە ئارەزووی خۆت

بڵێ پێم دەبا بیهێنمەدی بۆت" (فیردەوسی، 1384، 516)

زەکی هەناریش وای پیشانداوە، کە شا دەئاك دەیەوێت پاداشتی بکات و بۆ ئەمەش ویستوویەتی خۆی جۆری پاداشتکردنەکە هەڵبژێرێت.

" شا دەئاك: چێشتمر نارێك بو پێش هاتنی ئاشپەز

بەفیرۆ ئەچو پی تا گۆشت پەز

لە سایەی دەستی رەنگینی ئاشپەز

خۆراکمر رێکە قەڵەو ئەبمر ئەز

ئاشپەزمر بانگ کەمر بی دووینمر زۆر باش

هەچی بخوازی ئەی دەمێ پاداش" (هەناری، 1960، 35)

کەسێتی پزیشك (حەکیم): کەسێتییەکی گەرۆکە و خەڵکی ناوچەکە نییە و نەناسراوە، دوای ئەوەی داروودەستەی پاشا سەرکەوتوو نابن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ پاش، ئەو کەسە بۆخۆی دێتە کۆش و پێیاندەڵێت من دەتوانم چارەسەری دەردی پاشا بکەم، ئەو دەرمانەی بۆ چارەسەر پێشنیاردەکات لە هەردوو دەقەکەدا یەك شتە، کە مێشی دوو لاوە، ئەویش دوای راگەیاندنی جۆری چارەسەر لە کۆشك دەردەچێت و وندەبێت، کە بەوەدا دەردەکەوێت کەسێکی ئاسای نییە و کەسێکی ئەفسوناوییە، کە ئەهریمەنە و دەیەوێت شەڕ و ئاژاوە و کوشت و کوشتار و نا ئارامی لەنێو مرۆڤەکاندا بنێتەوە.

" لەپڕ ئەهریمەن خۆی کردە پزیشك

هاتە لایەوە هەروەکوو پزیشك

وتی پزیشکم هاتم چارت کەم

چاری دەردەکەی لەش بیمارت کەم" (فیردەوسی، 134، 517)

دەرکەوتن و ونبوون و لەخۆڕادیتن و شێوەی چارەسەرەکە لای هەناری زۆر لە پزیشکەکەی شانامە دەچێت و هەمان خەسڵەتی هەیە.

" پزیشك: هەر نەمردبی پێی گەم هەر کاتێ

ناهێڵم گیانی گیان – کێش بیی گاتێ

چاوە نۆڕمان بن ئێستا ئێمە و شا

دێینە بارەگا دڵخۆش و رو گوشا

بۆ دەرد لاچونی چی پێویست ئەیڵێم

بکرێ، کە نەکرا، چ بو؟ مەگرن لێم" (هەناری، 1960، 43)

5 – 2 رووداو

رووداو یەکێکە لەتوخمە هەرە گرنگ و بنەڕەتییەکانی شانۆنامە، دەبێتە داینەمۆی هەموو توخمەکانی تری دەقەکە، چونکە ئەگەر رووداو لە دەق دوور خەینەوە ئەوا هیچ واتا و ئامادەییەك بۆ توخمەکانی تر نامێنێتەوە و، وەك لاشەیەکی بێگیانیان لێدێت. هەموو شانۆییەکیش چەند رووداوێك لەخۆدەگرێت، کەواتە " رووداوی دراما لە زنجیرەیەك رووداوی بەدوای یەکداهاتوو پێکدێت کە بەپێی ئامانجی کۆتایی شانۆییەکە بنیاتدەنرێن " (سرحان، 2000، 47). رووداوی شانۆ یان داستان و ژانرەکانی دیکە پشت بە کۆمەڵێك سەرچاوە دەبەستن، کە یەك لەوانە داستان و ئەفسانەکان ، کە "دەقی ئەفسانەیی توانیویەتی ببێتە سەرچاوەو ژمارەیەکی زۆر دەقی داهێنراو بخولقێنێت. " (مەحمود، 2012، 143) کە لەسەردەمانی کۆندا روویانداوە و گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتووە تا گەیشتوون بە سەردەمانی دوای خۆیان و شتیان بۆ زیادکراوە و زیادەڕۆیی زۆریان تێداکراوە، بەهەمان شێوە شتیشیان لێ لابراوە و گونجێندراون لەگەڵ رۆحی سەردەمدا، چونکە "زۆرجار دەقی ئەفسانەیی رووداوێکی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت کە لە راستیدا روویداوە، بەڵام ئەندێشەی مرۆڤ و میللەت سەرلەنوێ داهێنانی تێدادەکات" (مەحمود، 2012، 143).

رووداوە مێژووییەکانیش سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی ژانرە ئەدەبییەکانن، نووسەران لەنێو بابەتەکانیاندا بەکاریانهێناون، هەموو رووداوە سیاسی و نەتەوەییەکانیش بوونەتە جێی بایەخی ئەدەبی زارەکی و نووسراو و چەندین دەقی ناوازەیان لەو روانگەیەوە بەرهەمهێناوە، ئەدەب و شانۆی کوردیش

بەپێی کاریگەری سیاسەتی سەردەم و هەڵوێستی لەبارەیانەوە کاری کردووە و لە بەرهەمەکانیاندا رەنگیداوەتەوە، هەتا ئەوەی نووسینی شێوازی شانۆ بە شیعر واتە شانۆی شیعری بەهۆی کاریگەری ئەو سیاسەتە بووە کە لەو کاتە زەکی هەناری ئەو بەرهەمەی بەهۆی ئەو کاریگەرییە نووسیوە، چونکە مێژووی شانۆی کورد مێژووەك نییە لە مێژووی سیاسیی و بوارەکانی دیکە دابڕابێت و بەپێی ئەو هەلومەرجە نمایش و دەقەکانی رێکخستووە و خزمەتی بە بوارە جیاجیاکان کردووە و دەسباری لەگەڵدا گرتوون، بۆ نموونە "قۆناغی شەستەکان بەدواوە بە قۆناغێکی ئەدەبی بەرگری و بیری نەتەوایەتی دەناسرێتەوە" (عەلی، 2009، 94)، ئەو دەقەش کە لە سەرەتای شەستەکان بڵاوکراوەتەوە خزمەتی بەو بوارە کردووە و زیاتر ئەو بوارەی پەرەپێداوە و خەڵکی هانداوە و بووەتە هاوکاری چینە شۆڕشگێڕەکان دژی ستەمی نەتەوایەتی. بەهۆی ئەوەی زۆر لەو سەرچاوانەی فارس و کورد لە یەکەوە نزیکن و تێکەڵبوونە، بۆیە ئەدەبی فارسی لەرووی بابەت و رووداوەکانەوە کاریگەر بووە لەسەر ئەدەبی کوردی، بۆ نموونە " ئێمە ئەگەر بێین باسی ئەدەبی ئایینی فارسی کۆن بکەین، هەروەکو ئەوە وایە کە باسی ئەدەبی ئایینی کوردمان کردبێت لەپێش ئیسلامدا. کوابوو پێویستە بزانین ئەم ئەدەبە دینییە چۆن بووە کە هەردوو لایان ئاویان لێ خواردۆتەوە. " (سەجادی، 1984، 611) . لەو دوو دەقەشدا رووداوەکان بەشێوەیەکی گشتی لێکچوونی تەواو لەنێوان زۆربەی رووداوەکانیاندا هەیە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەم دووکارە ئەدەبییە لەڕووی رووداوە سەرەکیی و لاوەکییەکان زۆر لەیەکدی دەچن و کاریگەربوونی تەواو (شانامە)ی (فیردەوسی) لەلایەن (زەکی هەناری)یەوە دیارە، هەرچەندە هەندێ جیاوازی دەبینرێن، بەڵام ئەوەش بۆ سروشتی هەردوو کارە ئەدەبییەکە دەگەڕێتەوە، کە یەکەمیان داستانەو دووەمیان شانۆییە، کە لە داستاندا کۆمەڵێ خەسڵەت هەن، کە ناکرێت لە کاری شانۆییدا بەرجەستەیان بکەی، هەر بۆیەش ئەو جیاوازییە کەمە دەبنرێت، کە بۆ گونجاندن و سرووشتی ژانرە ئەدەبییەکان دەگەڕێتەوە. جا ئەم کاریگەرییە نەك تەنها بەسەر ئەم نووسەرەوە بەتەنها هەیە، بەڵکو کاریگەرییەکەی بەسەر نەتەوەکەمانەوە بەشێوەیلاەکی گشتی هەبووە، بەجۆرێکە کە " کوردیش یەکێ بووە لەو گەلانەی کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری جادووی ئەم شاکارەوە، لە ماڵی زۆر لە ئەمیر و گەورە پیاو و کتێبخانە تایبەتیەکان دا هەبووە و لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا و، لە مەیدانی شەڕدا خوێنراوەتەوە. چەندین بابەتی بەشیعر کراوەتە کوردی، بەتایبەتی لەهجەی گۆران، بەسەدان کەس، لە کوڕ و کچ بەناوی قارەمانەکانی شانامەوە ناونراون. شەرەف خان بۆ سەلماندنی کورد بوونی هەندێ لە قارەمانە ئەفسانەییەکانی مێژوو وەکو رۆستەمی زاڵ و بەهرامی چۆبین ئاماژە بۆ شانامەی فیردەوسی ئەکات " (ئەمین، 2012، 257).

لەڕووی رووداوەوە هەردوو کارە ئەدەبییەکە بە رووداوێکی سادە، بەڵام وروژێنەر دەستپێدەکەن، کە بە کاری چێشتلێنەرەکە دەسپێدەکەن، کە دێت بۆ کۆشك و خواردنی بەتام و بەچێژ بۆ پاشا ئامادەدەکات و ئەویش سەرسام دەبێت بە دەستاوەکەی و دەیەوێت وەکو هاندان و پاداشت خەڵاتی بکات، ئەویش هەلەکە دەقۆزێتەوە و داوادەکات بچووکی و دڵسۆزی خۆی بۆ بنوێنێت و لەبری خەڵات شانەکانی ماچ بکات. پاشاش رازیدەبێت و شانەکانی بۆ رووتدەکاتەوە تا ماچیان بکات، لێرەدا کارەکا گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت و بەرەو ململانێ دەچێت، ئەویش کاتی لە شوێنی لێوەکانی چێشتلێنەرەکە، دۆخێکی نائاسایی رووددەدات و دەستدەکەن بە خوران و ئازار تا لە ئەنجامدا دوو رەشمار (ماری رەش) لەسەر شانەکانی دەڕوێن، بەوەش کۆشك و تەواوی دەستوپێوەندی پاشا دەشێوێن و دۆخێکی نا ئاسایی و رووددەدات و بەدوای کەسێکدا دەگەڕێن، کە چارەسەری ئەو نەخۆشییە دەگمەنەی پاشا بکات، بەڵام نایدۆزنەوە و سەرکەوتوو نابن. چونکە هەتا ئەو دوومارە (زیادەگۆشتە) دەبڕنەوە دووبارە بەشێوەیەکی بەهێزتر سەرهەڵدەدەنەوە بەهێزتر دەبن، وەکو دار و درەخت چوێندراون، کاتێ دار لە وەرزی پایز و زستان دەبڕنەوە لە بەهاردا بەشێوەیەکی بەهێزتر و نوێتر دەڕوێتەوە، بۆیە دۆشدادەمێنن و لەچاوەڕوانی ئەوەدان کەسێك بێت و شتێکیان بۆ بکات.

" لەپڕ ماچی کرد هەردوو شانی ئەو

دوو رەشمار روا لەبۆ گیانی ئەو

هاتن بڕیان دیسانەوە رووا

وتی چارم کەن برایان بۆ خوا

پزیشکان هەموو کەوتنە راوێژ

وەك بەرخ و کارێ کە بکەن کاوێژ" (فیردەوسی، 1384، 516)

بۆ رەگ داکوتان و لەبن نەهاتنی مارەکان، زەکی هەناری وای نووسیوە.

" پزیشک:...پزیشکی کارام گێتی گەڕام زۆر

دەردی وام نەدی و نابی بەهیچ جۆر

دوو مار رسکاون لە دوو قۆڵنجی

چەندی ببڕدرێ نا کرێتن بنجی

رەگیان لە پشتی رۆییوە تا چۆك

لە بڕین هاتن ئەچن بە نینۆك" (هەناری، 1960، 44)

رووێکی لێکچوونی دیکە و کاریگەری دی ئەوەیە، کە لەو دۆخە ناسك و شێواوەی کۆشك و ورەبەردانی وەزیر و کاربەدەستانی کۆشك و چۆکدادانی پاشا بۆ نەخۆشییەکەی هات و هاواری لەبەر ئێش و ئازاری نەخۆشییەکە. کەسێك لە جلوبەرگی حەکیم و پزیشك خۆی دەکات بە کۆشکدا و بانگەشەی هەبوونی چارەسەردەکات و هەمووان خەنی دەبن و شاگەشکە دەبن بە قسەکانی. لە شانامەدا ئەهریمەن دووبارە خۆی دەگۆڕێت و، ئەوجارە لەبەرگی پزیشکێکی گەرۆك خۆی بەدیاردەخات و، دەستوپێوەندەکەی (دەئاك) وا تێدەگەیەنێت، کە دەتوانێت پاشاکەیان چارەسەر بکات، ئەوانیش دەگەشێنەوە و، دەیبەن بۆ لای (دەئاك) تا رازیدەبێت، کە چارەسەری پێبدات، ئەویش دوای پشکنین چارەسەری بۆ دەستنیشان دەکات، کە بریتییە لەوەی کە رۆژانە مێشکی دوو مرۆڤ بدەن بە مارەکانی سەرشانی پاشا، بۆ ئەوەی ئازاری نەدەن.

"ئەهریمەن: وتی ئارام بگرە تۆ

من کارێ ئەکەم نەبی رەنجەڕۆ

گشت رۆژێ ئەبێ تۆ دوولاو بگری

مێشکیان بدەیتە دەرخواردی ماران

هەتاکە شاد بن پۆلی هەیاران

من هەر بە هیوای ساخی و خۆشی تۆم

ئەمە دەرمانتە و ئەوا من ئەرۆم" (فیردەوسی، 1384، 517)

لە (دوارۆژی دەئاکی زۆردار)ی (هەناری) شدا، بەهەمان شێوە دکتۆرێکی گەرۆك پەیدادەبێت و دەڵێت: من دەتوانم چارەسەری دەردەکەی پاشا بکەم، بەهەمان شێوەی (فیردەوسی) چارەسەرەکەی ئەوەیە، کە رۆژانە مێشکی دوو مرۆڤ بدرێت بە مارەکانی سەرشانی پاشا، بۆ ئەوەی لەو ئازارە کوشندەیە رزگاری بێت، جیاوازییەکەش تەنها ئەوەیە، کە پزیشکە گەرۆکەکە لە (شانامە) هەمان شەیتان و چێشتلێنەرەکەیە، کە بوو بەهۆی روانی مارەکانی سەرشانی پاشا، بەڵام لەلای مامۆستا (زەکی هەناری) کەسێکی دیکەیە و نەناسراوە.

" پزیشک:بەم جۆرە هێمن ئارام ئەبەستن

بەپێویستی شا ئەنوون هەڵئەستن

هەر رۆژ پێویستە مێشکی دوو جەوان

خواردنی رۆژیان بێ و ئامادەکرێ جوان

لە هێنان ، دانان ، ئامادەی خۆراك

نەکەن سستی کەن رۆژێك بن بێ باك

ژینی پرر نرخی ئەروخێ یەك سەر

خوا ئەم کات نەکا گەل بمێنی بێ سەر" (هەناری، 1960، 45)

خاڵێکی هاوبەش و لەیەکچووی دیکە ئەوەیە، کە (دەئاك) رازیدەبێت بە پێشنیازەکەی دکتۆرە گەرۆکەکە و، بڕیاردەدات، هـەموو رۆژێـك مێشـکی دوو لاو یان کەس بۆ مارەکانی سەرشانی بێنن و کارەساتە گەورەکە لەوەوە دەستپێدەکات.

" چاری دی نەما جگە لەو رێیە

وتی: ئەم قسە گەلێ بە جێیە

فەرمانی دا کە هەر رۆژێ دوو جوان

سەربڕن مێشکیان بکەنە هەتوان" (فیردەوسی، 1384، 518)

زەکی هەناری کەسێکی فتوادەری لەلای پاشا داناوە، کە پیاوێکی ئایینی زەردەشتییە و کەسێکە پلەی (موبیدە) ئەو فەرمانە گرنگەکان دەردەکات، کاتێ پاشا نەیەوێت خۆی لەو جۆرە کارانە بدات و بۆ ئەو بە خراب بکەونەوە، بۆیە ئەو بەناوی دین و خەڵکەوە وەکو پێویستی نەتەوە و وڵات ئە بڕیارانە دەردەکات و بڕیارەکانی بە دڵی پاشاو لەبەرژەوەنی دەسەڵات و مانەوە و پێگەی ئەو دانە، بۆیە لێرەدا دوای قسەکانی پزیشك (موبید) دێتە وەڵام بڕیاری جێبەجێکردنی پیشنیاری پزیشك دەدات، بەڵام شا دەئاکیش سەری رەزامەندی دەلەقێنێ و دەڵێت:

" شا دەئاك: بەخوام سپاردی پزیشکی دانا

دەرباز بوین بەمەی لە بۆمەت دانا" (هەناری، 1960، 47)

ئیدی لە هەردوو دەقەکەدا ئەو هەڵوێستە دەبێتە خاڵێکی گۆڕانی مەزن و ئاڵۆزبوون، خەڵکی دەکەونە نێو ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و مەترسی و بێ هیوایی، هەمووان چاوەڕێی مەرگی رۆڵەکانیان دەکەن، هەموو ماڵێك دەبێتە خاوەن تازییە و رۆڵەیەکی کوژراوە و ئەوانەی دیکەش چاوەڕێی مەرگ دەکەن و، ئاخۆ کەی نورەیان دەگاتێ و، دەیانکەنە خۆراکی مارەکان، بەم شێوەیە لە گشت لایەك بەنهێنی و بەئاشکرا دەنگی ناڕەزایی خەڵکی دەبیسترێت، بەڵام کەسیان لە ترسی زەبروزەنگی دەسەڵات و سوپا خوێنڕێژەکەی ناوێرێت بەکردار شتێك بکات و بیکات بەکردار. ئەو ناڕازیبوونە بەتەنها رەگەزی نێری وەکو قوربانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ژنان و کچان (رەگەزی مێ)شی گرتۆتەوە، چونکە ئەوانە براو دەزگیرانی ئەوانن و بەو شێوەیە کار بڕوات کەس ناتوانێت ژن و ژنخوازیش بکات و ئەوانیش بەبێ هاوسەر دەمێننەوە.

" کچانیش هەموو کەوتنە راوێژ

وتیان کە ئەی شای مل هوڕی خوێن ڕێژ

سابڵێ ئێمەش خێرا بکوژن

خوێنمان هەر لەگەڵ لاوان بڕژن

مێشکی کوڕ و کچ ئاوێتە بکەن

نامەردان ئێمەش لەگەڵیان ببەن" (فیردەوسی، 1384، 522)

لە دەقەکەی هەناریدا کچان نەك هەر بەقسە بەڵکو بەکردار دێنە نێو کۆڕی خەباتەوە و شانبەشانی پیاوان دژی زۆردار خەبات دەکەن، ئەوەش دەبێتە هاندەر و پاڵپشتێکی گەورەی شۆڕشگێران و ورە بەرزبوونەوەیان.

"پیرۆز:...بشگەن بە فریای کیژ و ژنی گەل

بێ خانو ، بێ کەس ، پەرتن بە کۆمەڵ

کیژانی رو سور، پایانی خێزان

روتو برسینە ئەکەن دەرۆزان

کوشتو گرتن ، کیژ بردن باوە

ناترسن لە کەس ، پیاو نەماوە

گەر مابان زۆردار زو ئەکرا لغاو

رۆژی ئافرەتە جا بێتە مەیدان" (هەناری، 1960، 87)

دوای ئەوەی دۆخەکە بەو ئەنجامە دەگات و ئەژدەئاکیش هەستی پێدەکات، بۆیە لەگەڵ کەسە نزیك و بڕیاربەدەستەکانی کۆدەبێتەوە و داوای راوێژیان لێدەکات، بۆ ئەوەی دۆخە گرگرتووەکە هێمن بکەنەوە، دوای راگۆڕینەوە دەگەنە ئەو بڕیارەی کە گەواهینامەیەك بنووسنەوە و تێیدا دادپەروەریی و خزمەتگوزاری و پێویستی پاشا بۆ گەل و وڵات روونبکەنەوە هەوڵبدەن بەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا بڵاویبکەنەوە، وەکو هەرخەڵەتاندن و چاوبەستەکێی خەڵکی لێبکەن.

" ئەژدیهاك: ئێوە گەر بخوازکاڵا و ئەرووسن

زوو گەڵاڵەیی بۆ من بنووسن

داد و دادگەری من بۆ خەڵك دەرخەن

دوژمن و نەیار من بکەن بە پەن.

پیاوەکانی شا ئازا کەوتنە خۆ

گەڵاڵێکیان نووسی لە درۆ

گشت لە مەرایی و هەم چاپلووسی

داد و دادگەری شایان تیا نووسی(فیردەوسی، 1384، 527)

لەدەقەکەی هەناری دیسانەوە دەئاك پشت بە وەزیر و پیاوی ئایینی دەبەستێت بۆ ئەوەی لەسەر زمانی ئەوان و بەدەستی ئەوان و راوێژی ئەوان گەواهینامە بنووسن و کاتێ شتەکان بەدڵی ئەو دەبن رەزامەندییان لەسەر پیشاندەدات.

"شالیار کەنوور: گوند و شارەکان بەسانی بەهەشت

ئەژین بەخۆشی بەبێ حەفت و هەشت

گەوا نامەیێك بنوسرێ پرر ژیر

بخرێتە ناوی گەوای جوان و پیر

بەهۆی ئەم کارە بەد خوات ئەکا لەق

ئاشکرا ئەبن جییان ئەکری لەق" (هەناری، 1960، 72)

بەم شێوەیە دۆخە رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپتر و دەرِوات و ئازار و نارِەزایی بەرەی گەلیش زیاتر دەبێت. لە هەردوو دەقەکەدا بەرەی دژ و جەمسەری دووەمی ململانێی رووداوەکان، کە خۆی لە کاوەی ئاسنگەردا دەبینێتەوە هاتا ئەو ساتە بێدەنگن، لە مەیدانی رووداوەکاندا، بەڵام دوای ئەوەی (17) کورِی دەبنە خۆراکی مارەکان، بەڵام کاتێ کورِی (18)هەم و دوا کورِی دەگیرێت و دەیبەن بۆ ئەوەی سەرببرِن، ئیتر لە تین و تاقەتیدا نامێنێت و ناتوانێ ئیدی بێدەنگ بێت، بۆیە، بەتەنیا هەڵدەکوتێتە سەر کۆشکی پاشا، بۆ نارِەزایی و گلەیی و رزگارکردنی کورِەکەی، نەك بۆ کوشتن و رووخاندنی دەسەڵاتی شا دەئاك، کاتێ لە دەرەوە دەیکاتە هەرا و دەنگەدەنگ و نارِەزایی دەربرِین، پاشا گوێی لێدەبێت، کە لە کۆبوونەوە و راوتەگبیردان بۆ هێورکردنەوەی دۆخە گرگرتووەکە، بۆیە دەڵێت ئەوە کێیە و چی دەوێت، بابێتە ژوورەوە، کاتێ کاوە دێتە ژوورەوە بەبێ هیچ ترس و رەچاوکردنی ئادابی کۆشك، دەستدەکات بە نارِەزایی و گلەیی و هەموو نادادییەکان بە پاشا دەڵێت و پێی دەڵێت کە ئەوە دوا کورمە و گرتووتانە، لە کاتێکدا (17) کورِی دیکەم بوونەتە قوربانی، پاشا دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە و خۆی بە دادپەروەر پیشاندەدات و فەرماندەکات کورِەکەی بدەنەوە و ئازادیکەن، بەڵام دەبێت ئەویش ئەو بەڵگەنامەیەیان بۆ واژۆبکات، کاتێ کاوە گەواهینامەکە وەردەگرێت و تێدەگات چی تێدا نووسراوە، وەکو بورکان دەتەقێتەوە و دەڵێت: من چۆن ئەو کارە دەکەم، گەواهینامەکە پارچەپارچە دەکات و دەیخاتە ژێر پێیەکانی و فرِێیدەدات و دەستی کورِەکەی دەگرێت و کۆشك جێدێڵن. کەس رێگری لێناکات دەرۆن و ئەوانیش بە حەپەساوی هەر سەیری دەکەن.

" کاوە قیژاندیە سەریان لەوناوە

وتی: نامەی چی مۆر بکەم بۆ تۆ

ئەبێ لەناو خەڵك تۆ بکەم ترِۆ

داد و دادگەری تۆ، جا ها لە کوێ

ستەمکاری خۆت ببیسە بە گوێ

زۆرکارە من چۆن ئەم نامە مۆرکەم؟

ئەوا دەردت بێ بە مافم ئەگەم

ئەوسا گەڵاڵەی پاشای دڕان

زەنگی ستەمی بەجارێ زڕان" (فیردەوسی، 1384، 529)

لە دەقەکەی هەناریدا سەرەڕای مۆرنەکردن و دڕاندنی گەواهینامەکە، هێرش دەکاتە سەر دارودەستەکەی و بە ترسنۆك و خیانەتکار ناویان دەبات و بە بێدەنگی و هاندەنی زۆردار تاوانباریان دەکات.

" خۆبین بۆ کەڵکی خۆی ئەباتن رەو

کارێك کە روی دا ئەو لێی با گرەو

بۆ دەستی زۆردار نابمە کولەوژ

ئاگرم پێ خۆش کا گەل تێدا کا برژ

گەوا نامەی وا نرخی درانە

لەجێ مۆر بەپێ رەوای شێلانە" (هەناری، 1960، 83)

لێرەدا لە هەردوو دەقەکەدا جەمسەری دژ و لایەنی دووەمی ململانێکە، کە کاوەیە، لەبری ئەوەی بچێتەوە ماڵ یان دوکانەکەی دەست بە کڵاوی خۆیەوە بگرێت و بێدەنگ بێت، چونکە کوڕەکەیان داوەتەوە، کەچی ئەو رووەدەکاتە نێو بازار و نێو خەڵك، بۆ ئەوەی خەڵکی هانبدات و ئامادەیان بکات بۆ سەرهەڵدان و شۆڕش دژی ستەمکاران، دوای وتاری حەماسی و گوتنەوەی چەندین دروشم، دەچێت کەوڵی کارکردنەکەی بەسەر رمێکەوە دەکات و دەیکات بە ئاڵای راپەڕین و دەچێتەوە نێو خەڵك، خەڵکی لە رۆژێکی وا دەگەڕان چاوەڕێی کەسێکی لەم شێوەیان دەکات، کە دەنکە شقارتەکە لێبدات و بینێت بە بەنزینەکەوە، ئیدی هەموویان گڕیانگرتوو دوای کاوە کەوتن و هێرشیانبرد بۆ سەر کۆشکی ستەمکار هەموو شتێکیان ڕاماڵی و کەس نەیتوانی پێشیان پێبگرێت و بەرامبەریان بوەستێت، هەرکەس دەیەویست گیانی خۆی لە توڕەیی گەل رزگار بکات.

"کاوە: وتی خەڵکینە خێرا راپەڕن

بۆچی ویستاون بۆ مەگەر کەژن

دەهێرش بەرنە سەر ئەم زۆرکارە

لابەن ستەمی لەم رۆژگارە

کەوڵەکەی کردە سەر رمی درێژ

کردیە ئاڵا بۆ یارانی مێژ" (فیردەوسی، 1384، 529)

لە دەقی هەناری جگە لەوەی کە بەروانکەی کارکردنی دەکات بە ئاڵا بە سێ ڕەنگ ڕەنگی دەکات، کە بریتین لە ڕەنگەکانی(زەرد، سور، بنەوشەیی)، کە گوزارشت لە ستمکاری دژی گەل و خوێنی شەهیدان و بەهار و ئازادی دەکات.

" کاوە:...ئەکەمە ئاڵای شۆڕش لە زۆردار

نیشانەی کوردبی بۆ ڕۆژی رزگار

جا، بچین بکوژین دەئاکی زۆردار

دەرباز کەین گەلە و نیشتمان یەك جار

لەم نەبەردەمان دەست گیربی پیرۆز

کورد رزگار ئەبی بۆ ئەبتە نەورۆز

وا ئالام هەژاند هەرکێ مەردە دێ

تا دەئاك دەرکەین لە شار و لە دێ" (هەناری، 1960، 89)

لەو هێرشەدا لە هەردوو دەقەکەدا بە روونی باسی گورجوگۆڵیی و یەکلاکەرەوەی هێرشەکە و فشۆڵی و قەلەزراوی بەرەی ستەمکار دەکات و چەند سەعاتێك ناتوانن بەرگری بکەن و ئەوەی دەکوژرێ یان خۆیان دەدەن بەدەستەوە یان هەڵدێن و سەری خۆیان هەڵدەگرن. لە هەردوو دەقەکەدا ئەژدەهاکیش بە دەستی کاوە دەگیرێت لای (فیردەوسی) بە یەخسیری دەیبەن بۆ چیای دەماوەند و دووری دەخەنەوە دەیخەنە نێو چاڵیك تا لەوێ بە زەلیلی سەربنیتەوە، لای زەکی هەناری بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە کوتەکەکەی دەستی کاوە دەکوژرێ و هەر لەوێ کۆتایی پێدێنن و لەناویدەبەن. دوای کۆتایهێنان بە زۆردارو لە هەموو وڵات دەستدەکەن بە خۆشی و ئاهەنگ گێڕان و پیرۆزبایی سەرکەوتن لە یەکتری دەکەن.

" گشت کۆبوونەوە بە شایی و خۆشی

ئیدی لە دڵیان نەما پەرۆش

ژنان و کچان بە چەپڵەڕێزان

دڵی لاوانیان ئەکرد ئاوێزان

دی بووە بەزم و هەڵپەڕکێ و شایی

هەموو رزگار بوون لە دەست تەنیایی" (فیردەوسی، 1384، 534)

لە دەقی هەناریشدا لەسە زاری شۆڕشگێڕان ئەو خۆشییە دەردەبڕدرێت.

" پەروێز: جەژنەی ئازادیە لە گشت شار و دێ

شاییە و گۆرانی و زوڕنا دەنگی دێ

هۆشەنگ: زەمین ئیمرۆکەی جەژنەی بەهارە

گەلیش لە زۆردار ئیمرۆ رزگارە"(هەناری، 1960، 106)

لە هەردوو دەقەکەدا پەیامو داواکاریی سەرکردەکانی شۆڕش بۆ شۆڕشگێران و گەلەکەیان یەك شتە کە داوای تەبایی و یەکگرتن و دوورکەوتنەوە لە دووبەرەکی دەکەن.

" وتیان هەموومان ئەبێ یەك بگرین

تارێی ئازادی و سەربەستی ببڕین" (فیردەوسی، 1384، 524)

" بە یێکی و هێز بە هۆشێکی چاك

جیهان گشت بشۆین لە ناپاکان پاك" (هەناری، 1960، 58)

لەهەردووکیاندا رۆژی لەنێوچوونی زۆردار کراوە بە جەژنێکی نەتەوەیی. فیردەوسی بە (میهرەگان) و مامۆستا (زەکی هەناری) بە جەژنی (نەورۆز) ناویان بردووە. هەروەها لە کۆتایدا دەیانەوێت کەسێك هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سەرۆکایەتیان بکات، بە پێشنیاری (فەرەیدون) کە کەسێکی شۆڕشگێڕە (کاوە) شیاوی ئەو پۆستەیە، هەمووان بە یەکدەنگ پێشنیارەکەی پەسند دەکەن، بەڵام کاوە رەتی دەکاتەوە کە ببێت بە سەرۆکۆمار، بەڵام دەڵێت شیاوترین کەس بۆ ئەم شوێنە (فەرەیدون)، خەڵکی هەمووی پێشنیاری کاوە پەسند دەکەن و (فەرەیدون) دەبێتە یەکەم سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی دوای ئەژدەهاك.

" هەر بە یارمەتی کاوەی پاڵەوان

فەرەیدون بۆ گەل بووە پاسەوان

ئەو ئەژدەهاکی بردە دەماوەن

بەندی کرد لەوێ و بووە زەماوەن" (فیردەوسی، 1384، 536)

" لەنێوگەل نەبووە کەس وەك فەرەیدون

ساڵەها جەنگ کا بەبێ چەند و چون

کەس نیە لە شار و لە دێ و لەناو چیا

نەڵێن ئازایی ئەو جیا جیا

ئەو سەر کۆماریەی پێتان دابوم باش

سوپاس وا بەخشیم بۆ ئەو بێ پاداش" (هەناری، 1960، 109)

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە لەرووی توخەمە بنیاتنەرەکانەوە چەندین لەیەکچون لەنێوان هەردوو دەقەکەدا هەی. کە هەدێکیانمان بە پێویست نەزانی باسیان بکەین. هەروەها پێوویستە ئەوەش بڵێین، کە لەبەر ئەوەی بەرهەمەکەی (فیردەوسی )بەهۆی ئەوەی کە بەشێوەی داستان دانراوە، بۆیە زۆر

لەبار بووە، بۆ ئەوەی چەندین دیمەنی ئەفسانەیی و ئالۆزی تێبکات، بەڵام (زەکی هەناری) لەبەرئەوەی بەشێوەی ژانری شانۆنامەی نووسیوە و مەبەستیشی بووە، کە لە داهاتوودا لەسەر تەختەی شانۆ لەلاین شانۆکاران و گروپە شانۆییەکان نمایش بکرێت بۆ بینەران، بۆیە نەیتوانیوە ئەو جۆرە دیمەن و رووداوانە بخاتە نێو دەقەکەیەوە، چونکە نەگونجاو و دژی بنەماکانی شانۆشە ئەو جۆرە رووداو دیمەنانە بخرێنە نێو دەقەوە، چونکە ناتوانرێت بەرجەستە بکرێن، کەواتە شتێکی نووسیوە، کە بتوانرێت لەسەر شانۆ و لەبەرچاوی بینەر بە راستەوخۆیی نمایشبکرێت، هەربۆیە ئەو دیمەن و رووداوە ئەفسانەییانەی بەشێوەی سادە و ساکارتر خستونەتەڕوو، تا بتوانرێت بەرجەستە بکرێن، لەو دیمەنانەی وەکو خەوبینینی (دەئاك) کە کەسێك پەیدادەبێت و دەیکوژێت و جێگەی دەگرێتەوە، ئەویش (فەرەیدون)ە، بۆیە بڕیاردەدات، کە هەرچی منداڵ هەیە کە لەدایك دەبێت بیکوژن، ئەوەش لە چیرۆکی موسا و فیرعەون دەچێت. هەروەها هاتنە نێوەوەی ئەهریمەن و رەوانەکردنی دەئاك بۆ دەماوەند، کە بشێوەیەکی واقیعیانەتر چارەسەری کردووە.

ئەنجامەکان

1. مامۆستا زەکی هەناری کەوتۆتە ژێر کاریگەری (شانامە)ی (فیردەوسی)و بە کارلێکردنی ئەو شاکارە، بەرهەمێکی شانۆیی لێدروستکردووە، واتە بەمەبەستی سیاسی نەتەوەیی لە جۆرێکی ئەدەب (داستان) جۆرێکی دیکەی ئەدەب (دەقی شانۆیی) دروستکردووە و، بەشێوەی شانۆی شیعری نووسیویەتی.
2. کاریگەربوونی هەناری بە (فیردەوسی) بەهۆی خوێندنەوەی بەرهەمەکەی ئەو نووسەرە بووە، کە بۆخۆی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دانی بەو راستییەدا ناوە و دەڵێ چەندین سەرچاوەم لەبارەی ئەو بەرهەمە خوێندۆتەوە.
3. کەسێتییە سەرەکی و کاریگەرەکانی نێو دەقەکەی لە زۆر خەسڵەت و بنیاتەوە بە تەواوی لە کەسێتییەکانی نێو شانامە دەچن.
4. رووداوە سەرەکیی و لاوەکییەکانی دەقەکە لەرووی بنیات و رووداونیان هەمان رووداو بنیاتی شانامەن و بەتەواوی لەژێر کاریگەری ئەو دەقەدا نووسراون
5. لەرووی گرێ و فۆرم و ناوەرۆك و ژانری ئەدەبی و بنیاتی هونەرییەوە لێکچوون و کاریگەری بە دەقی دووەمەوە دیارە و بەکارلێکردنی دەقی یەکەمەوە نووسراوەتەوە.

سەرچاوەکان

کوردییەکان

1. ئەمین، نەوشیروان، م، 2012، بەدەم رێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چ2، دار العربیة للعلوم، بەیروت.
2. بەرزنجی، د.عەلی، ت، 2008، کاریگەری روانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
3. سەججادی، عەلائەددین، مێژووی ئەدەبی کوردی، 1984، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.
4. عەلی، ئیدریس، تەوەری ئەدەبی، 2009، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی رۆمان، سلێمانی.
5. عەوڵڵا، عەبدوڵڵا رەحمان، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، 2011، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
6. عیسا، هاوژین، ص، ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، 2009، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

7. فیردەوسی، شانامە، 1384، و. سدیق بۆرەکی (صفی زادە)، ناوەندی بڵاوکرەوەی پەرتەو بەیان، چاپخانەی ئوسوە، سنە

8. کەردی، د.عەزیز، ئەدەبی بەراوردکاری، 1978، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

9. کەریم، د.سەلام، ف، گەشەسەندنی درامای کوردی 1975 – 1995، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

10. کەفائی، محەمەد، ع، ئەدەبی بەراوردکاری، وەرگێڕانی: هەژار رەحیمی، 2011، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

11. گەردی، د.سەردار ، ا، حەسەن، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(1970 – 1991)، 2004، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

12. محمد، ئەنوەر،ق، پرینسیپەکانی ئەدەبناسی بەراورد، 2011، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

13. مەحمود،د. شنۆ، م، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، 2012، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

14. مەعروف، د.کەمال، زانستی ئەدەبی بەراوردکاری، 2008، ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

15. مەولود، د. ڕێزان،ص، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و نەزار قەبانیدا، 2013، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

16. هەناری، زکی احمد، دوارۆژی دەئاکی زۆردار، 1960، نەقابەی مامۆستایانی هەولێر، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

عەرەبییەکان

17. حرب، طلال، اولیه النص، 1999، المؤسسه الجامعیه للدراسات والنشر والتوزیع.بیروت.

18. الخطیب، حسام، آفاق الأدب المقارن عربیا و عالمیا، 1999 ،ط2، دار الفكر، دمشق، سوریه.
19. دانییل، هنری باجو، الادب العام المقارن، 1997، تر، د.غسان السید، , اتحاد الكتاب العرب, دمشق.

20. ستالكنخت، نیوتن.ب، فرنز، هورست، الادب المقارن (المنهج والمنظور), 2011، تر،، د.فؤئاد عبدالمطلب، وزاره الثقافه، منشورات الهیئه العامه السوریه للكتاب، دمشق.

21. سرحان، سمیر، مبادیء علم الدراما، 2000، هلا للنشر والتوزیع، مصر.

22. عبود، عبده، الادب المقارن مشكلات وافاق، 1999،, اتحاد الكتاب العرب, دمشق.

23. علوش، سعید، مدارس الادب المقارن، 1987، مركز الثقافی العربی

24. غیفورد، هنری، الادب المقارن، 2013، تر.دفؤئاد عبدالمطلب, اتحاد الكتاب العرب, دمشق.

25. غیلان، حیدر محمود، الأدب المقارن ودور الأنساق الثقافیه، 2006،مجله دراسات یمنیه، العدد 80 ، صنعاء، الجمهوریه الیمنیه.
26. هلال، محمد غنیمی، الادب المقارن، 1981، ط9، دار العوده ودار الثقافه، بیروت.

27. ویلك، رینیه، مفاهیم نقدیه ، 1989، تر : د. محمد عصفور، المجلس الوطني للثقافه و الفنون و الآداب ، الكویت.

## مقارنة بين (دآك) ل(زكي هناري) و (ضحاك) في الشاهنامة(للفردوسي)

ا.م.د.كيفي احمد عبدالقادر

جامعة كويه- فاكلتى التربية – قسم اللغة الكردية

الملخص

ان الوقوع تحت تاثير الاشخاص والجهات والافكار والاقوام الاخرى عملية بدات مع التوعية البشرية, وعبرت مراحل متعددة وتحت مسميات مختلفة, وقد تطرق الى ذلك كثير من المفكرين, وفي كتب المذاهب الادبية وفي الفنون والعلوم...الخ. وان المقارنات الادبية تدخل ضمن هذا الاطار, ولها جذور ضاربة في القدم .

وكمذهب له اسسه العلمية و حدوده يعود الى عصور متاخرة, ومهامه بيان هذه التاثيرات بصورة علمية, ولاشك انَ اقدم مدرسة هي المدرسة الفرنسية وتليها المدرسة الامريكية, ومن ثم الاشتراكية.

ونلحظ دلك عند معظم الشعوب, والكورد احد هذه الشعوب حيث انهم تاثروا بجهات اجنبية, وقد نتبع عن ذلك كثير من الاعمال الادبية .

في هذه المضمار يقوم الباحث ببيان تاثر كاتبٍ كوردي في انتاجه لنص مسرحي في منتصف القرن المنصرم, ويجد من الخطوات البدائية في الكتابة المسرحية, فتاثر بالفكرة والحدث والمعنى والشخصيات والاسلوب في نصه المسرحي. والكاتب هو (زكي احمد هناري) في نصه المسرحي (نهاية دأك الجائر) حيث تاثر بالكاتب الفارسي المشهور (الفردوسي) (حكيم ابو فاسم الفردوسي), لذا على وفق اسس المدرسة الفرنسية وتحت عنوان "مقارنة بين (دآك) ل(زكي هناري) و (ضحاك) في الشاهنامة(للفردوسي)" نقوم بالمقارنة بين العملين ودراسة العناصر المشتركة بينهما, ومن ثم ولادة النص الجديد في اطار تاثر الكاتب بالنص القديم.

الكلمات الدالة (المقارنة، الأدب الوطني، تأثير، متفاعل، متأثر)

A comparison between the Zaki Hanari's Daak and the Ferdowsi's Azhdahak in Shahnameh

Assistant Professor. Kaify Ahmad Abdulqarer

Koya University - Faculty of Education - Department of Kurdish Language

Abstract

It is obvious that affecting others and being under effect are human characteristics. The effects could be because of thinking or ideology from other nations. So, it has its progressive and named differently by different groups of people, such as literature schools, art and science etc. Literature comparison is a part of this and has its historical roots. But, as a school dates back for some centuries ago. The task of literature comparison is to find such effects and work on them in a scientific way. The French school is the oldest, later the Socialist Americans was founded. Evry nation is under effect of other nations. Kurdish nation, similar with all the others, is under others effect. So, many texts have been written. Here, we show one of the Kurdish theater texts. That is '*Dwa Roji Dahaki Zordar*' by '*Zaki Ahmad Hanari*', which is written under effect of the famous Persian writer '*Firdawsi* or *Hakim Abulqasim Firdawsi*'. So that we are going to compare and analyze both texts according to the French school

Keywords( Comparison, National Literature, effect, reactant, moved)